نامیلکەی:

# مێژوو،
# لەنێوان کۆمەڵگای چینایەتی و کۆمەڵگای بێچیندا

نوسین و ئامادەکردنی: هاوڕێ عەبدوڵا

لە بڵاوکراوەکانی گرووپی نێگەتیڤ

## پێش باس:

تا ئێستا مرۆڤ دوو جۆر پارادایمی بۆ ژیان بەرهەمهێناوە، یان دوو شێوە پێکەوەیی کۆمەڵایەتی، و کۆمەڵگای بەرهەمهێناوە. ئەوانیش بریتیین لە: "پارادایمی بێچین" ، و "پارادایمی چینایەتی". هەریەک لەم دوو جۆرە پارادایمەش مرۆڤی تایبەت بە خۆیان بەرهەمهێناوە. پارادایمش، کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی- ئابوری- سیاسی دەگرێتەوە. سەرجەمی جیهانبینی، ستایلی ژیان، بەها، کەلتور، شارستانییەت، ئایدیۆلۆژیا، بیروباوەڕ، کۆی پرۆسە کرداری و هزرییەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت. پارادایمی بێچین، یان کۆمەڵگای بێچین، ئەو جۆرە کۆمەڵگایەیە کە خاوەنداریێتیی تایبەتی تیا نییە، جیاوازیی چینایەتیی تێدا نییە، خاوەنداریێتیی بەرهەم و دابەشکردنی بەرهەمەکان، خاوەنداریێتییەکی گشتییە، شێوە ژیانی هەرەوەزی و کۆمۆنەییە. کۆمۆنەی سەرەتایی کە کۆنترین قۆناغی پێکەوەیی مرۆڤە، سەر بە پارادایمی بێچین، و کۆمەڵگای بێچینە. دوای کۆمۆنەی سەرەتایی، قۆناغی کۆمەڵگای چینایەتی دێتەکایەوە، کە بە سیستەمی کۆیلایەتی دەستپێدەکات. لە مێژووی پارادایمی چینایەتیشدا، سێ هەوڵی گرنگ دراون بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای بێچین، بەڵام دواتر نوشوستیان پێ هێنراوە: یەکەم: کۆمۆنەی ١٨٧١ـی پاریس، دووەم: شۆڕشی ١٩١٧ـی ڕووسیا، سێیەم: سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٤٩ـی چین. پارادایمی چینایەتی، یان کۆمەڵگای چینایەتی، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە بەدرێژایی چاخەکان بەردەوام بووە تا ئێستا. پارادایمی چینایەتی لەسەر بنەڕەتی خاوەنداریێتیی تایبەت، و جیاوازیی چینایەتی، و چەوساندنەوەی چینایەتی دروستبووە. پارادایمی چینایەتی، تا ئێستا سێ فۆرماسیۆنی چینایەتیی بەرهەمهێناوە: یەکەم: سیستەمی کۆیلایەتی، دووەم: سیستەمی دەرەبەگایەتی(فیوداڵیزم)، سێیەم: سیستەمی سەرمایەداری. لە ئێستادا سیستەمی سەرمایەداری لە جیهاندا کاردەکات. هەرکام لەم سیستەمانە لەڕووی شێوەی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە جیاوازبوونە لەیەکتری، بەڵام هەموویان سەر بە پارادایمی چینایەتی بوونە لەسەر بنەڕەتی خاوەنداریێتیی تایبەت .

جیاوازیی چینایەتی، و ململانێی چینایەتی، و خاوەنداریێتیی تایبەت شتێکی هەمیشەیی و ئەزەلی نەبووە، لە کۆمۆنە سەرەتاییەکاندا مرۆڤەکان بە هەرەوەزی و لەسەر بنەڕەتی خاوەنداریێتیی گشتی ژیاون، و جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی بوونی نەبووە.

ئەمە پێچەوانەی ئەو دیدە میتافیزیکییەیە کە جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی بە سرووشتێکی نەگۆڕ و خۆڕسکی مرۆڤ دەزانێت. بیرکردنەوەی مرۆڤ و بەهاکان و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەلایەن بونیادی ئابوری و کەلتوریی کۆمەڵگاوە درووستبوونە. واتا ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەناو مێژوودا دروستدەبن، نەک شتێکی سرووشتی و خۆڕسک بن. دەزگایەکی وەک دەوڵەتیش لە پلەیەکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئابوریدا دروستدەبێت. کاتێک کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکدا دابەشبوو، بەحوکمی ئەم دابەشبوونەش دروستبوونی دەوڵەت بوو بە پێویستی. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بێ دەوڵەت گوزەراون، دەربارەی دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەت هیچیان نەزانیوە. هەربۆیە بنیاتنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، یۆتۆپیا و خەونێکی نەزۆک نییە، خەونێکی چەپێنراوی مرۆڤەکان بووە بەدرێژایی مێژوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای بێچین. کۆمۆنیزم دەیەوێت لە سەردەمێکی نوێدا دووبارە شێوە ژیانی کۆمۆنەیی و بێچینی بنیاتبنێتەوە، دووبارە خاوەنداریێتیی گشتی بگەڕێنێتەوە، و خاوەنداریێتیی تایبەت هەڵوەشێنێتەوە. دەربارەی فۆرماسیۆنەکانی پارادایمی چینایەتی، جەختکراوەتە سەر مێژووی ئەوروپا، ئەوە نەبێت لە دەرەوەی ئەوروپادا سیستەمە چینایەتییەکان بوونیان نەبووبێت. بەڵام لە ئەوروپادا مێژوو و قۆناغی سیستەمە چینایەتییەکان، و گەشە و پەرەسەندنیان بەڕوونی دیارە. هەربۆیە ئەوروپا وەک نمونەی جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی وەرگیراوە. کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ئەوروپاش لە سیاقی مێژوویی و قۆناغی جیاوازدا بە سیستەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتییدا تێپەڕبوونە.

ئێستایش جیهان له "گشت"دا سەرمایەدارییە، له "بەش"ی جیاواز جیاوازدا. لەم باسەدا جەختکراوەتە سەر ڕەهەندی چینایەتی و خاوەندارێتیی تایبەتی.

# پارادایمی بێچین

**کۆمۆنەی سەرەتایی: وەک نمونەی ژیانی کۆمۆنەیی، و پارادایمی بێچین.**

بوونی قۆناغێک بەناوی کۆمۆنەی سەرەتایی، لەناو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا، بۆ یەکەمجار زانایەک بەناوی "مۆرگان" کەشفیکرد، لە کتێبی "کۆمەڵگای دێرین" لە ساڵی (١٨٧٧)دا، ئاماژەی بۆ کردووە. ئەم قۆناغە بە کۆنترین قۆناغی پێکەوەیی مرۆڤ دادەنرێت، و درێژترین قۆناغی پێکەوەیی مرۆڤەکان بووە. مۆرگان قۆناغەکانی پێش مێژووی بۆ سێ قۆناغ و سەردەم دابەشکردووە:

١. قۆناغی دڕندایەتی.

٢. قۆناغی بەربەریزم.

٣. قۆناغی شارستانێتی.

کۆمۆنەی سەرەتایی دەکەوێتە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمەوە. لەگەڵ قۆناغی ژیارییدا، کۆمۆنەی سەرەتایی هەڵدەوەشێتەوە و پارادایمی چینایەتی دێتەکایەوە، کە سیستەمی کۆیلایەتییە. مۆرگان هەریەک لە قۆناغەکانی دڕندایەتی و بەربەریزم، بۆ سێ سەردەم و وردەقۆناغ دابەشدەکات: قۆناغی نزم، قۆناغی ناوەندی، قۆناغی باڵا. لە قۆناغی دڕندایەتیدا: مرۆڤ ڕاستەوخۆ سوودی لە بەرهەمە ئامادەکانی سرووشت وەردەگرت. وەک کۆکردنەوەی گژوگیا و ڕەگی درەختەکان، و خۆراکە دەریاییەکان، و ڕاوکردنی ئاژەڵەکان. قۆناغی بەربەریزم: سەرەتای ئاژەڵداری، و وەرزێری بوو، کە تێیدا بەرهەمە سرووشتییەکان زیادیانکرد.

**سیما و شێوە ژیانی کۆمۆنەی سەرەتایی دەکرێت لەم خاڵە سەرەکییانەدا کورتبکەینەوە:**

١- نەبوونی خاوەندارێتیی تایبەت، واتا کەس خاوەنی بەرهەمێکی تایبەت نەبووە. کۆکردنەوەی بەرهەم و دابەشکردنی بەرهەم، کارێکی هەرەوەزی و گشتی بووە. خاوەندارێتیی گشتی، سیمای ئەم شێوە ژیانە کۆمۆنەییە بووە.

٢- بەهۆی نەبوونی خاوەندارێتیی تایبەتەوە، جیاوازیی چینایەتی، و ململانێی چینایەتییش بوونی نەبووە. کاتێک خاوەندارێتیی تایبەت بوونی نەبێت، چینێکیش درووستنابێت، تا چینێکی تر بچەوسێنێتەوە.

٣- زیادەبەرهەم بوونی نەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پاشکەوت بوونی نەبێت. نەبوونی پاشکەوتیش وای کردبوو خاوەندارێتیی تایبەت بوونی نەبێت. ئەوەی لە سرووشتەوە بەدەستدەهێنرا ڕاستەوخۆ بەسەر هەمواندا دابەشدەکرا.

٤- مرۆڤەکان لە کۆمۆنەی خێڵایەتی و لەسەر بنەمای خزمایەتی و پەیوەندیی بەرەدایکیدا ژیاون.

٥- ناجێگیریی خۆراک و بەزەحمەت پەیداکردنی چ بەهۆی ڕووداو و کارەساتە سرووشتییەکانەوە، چ بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی بەرهەمهێنانەوەش.

٦- کاردابەشکردن لە کۆمۆنەی سەرەتاییدا بوونی هەبووە، بەڵام دابەشکردنی کار بەشێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی بووە. تەنیا لەنێوان نێر و مێدا لەئارادابووە، و جیاوازیی چینایەتیی دروووستنەکردبوو. پیاوان سەرقاڵی ڕاوشکاری و ڕاوەماسی بوون، و خۆراک و پێویستییەکانیان دابیندەکرد. ژنانیش لەماڵەوە کاریان دەکرد و، و خۆراک و پۆشاکیان دابیندەکرد، و چێشتیان لێدەنا، و کاری چنین و دروومانیان دەکرد. پیاوان یا ژنان سەرگەورەی مەیدانی خۆیان بوون، پیاوان لە دارستان و ژنان لەماڵەوە. هەریەکەیان خاوەنی ئەو ئامرازانە بوون، کە بەکاریاندەهێنا و درووستیاندەکرد. پیاوان خاوەن پێداویستییەکانی ڕاوشکاری و ڕاوەماسی بوون، ژنانیش خاوەنی کەرەستەکانی نێوماڵ بوون. ئابووریی ماڵان لەسەر بنەمایەکی کۆمۆنیستی بەڕێوەدەچوو، ئەوەی پێکەوە درووستدەکرا و بەکاردەهات موڵکی هەمووان بوو.

## هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنەی سەرەتایی:

دۆزینەوەی کار و پیشەی نوێ، و گەشەسەندنی داهات، و بەدەرکەوتنی گرنگی هەندێک لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی وەکو زەوی. ئەمانە بەگشتی بوونەهۆی پەیدابوونی کەمینەیەک کە مۆنۆپۆڵی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و زۆربوونی بەرهەم بکەن، و بەو شێوەیە ئاڕاستەی بکەن کە خزمەتی خۆیان (کەمینە) پێ بکەن، لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی زۆرینە. ئەنگڵس، گەشەسەندنی خاوەندارێتیی تایبەت و درووستبوونی شەڕ لەنێوان خێڵەکاندا لەسەر زۆرترین خاوەندارێتی، وەک هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنەی سەرەتایی دەخاتەڕوو.

# فۆرماسیۆنەکانی پارادایمی چینایەتی:

### یەکەم فۆرماسیۆن: سیستەمی کۆیلایەتی

ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنەی سەرەتایی، هەر ئەو هۆکارانەش بوون کە بوونەهۆی پەیدابوونی یەکەم فۆرماسیۆنی پارادایمی چینایەتی، کە سیستەمی کۆیلایەتی بوو. لەگەڵ کۆتایی قۆناغی بەربەریزم، و سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی شارستانێتی، سیستەمی کۆیلایەتی دەبێتە فۆرمی زاڵی کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابوریی شارستانیەتە جیاوازەکان. گەشەسەندنی ئاستی بەرهەمهێنان لە بوارەکانی ئاژەڵداری، و وەرزێری و پیشەگەری، پێویستیی هێزی کاری نوێی هێنایەکایەوە. لێرەوەش کەمینەیەک پەیدابوون کە مۆنۆپۆڵی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و زۆربوونی بەرهەمیان کرد. یەکەمین دابەشبوونی گەورەی کاری کۆمەڵایەتی، بووەهۆی یەکەمین دابەشبوونی گەورەی کۆمەڵگا بەسەر دوو چیندا: چینی خاوەن کۆیلە و چینی کۆیلە، یان چینی چەوسێنەر و چەوساوە. لە ئەنجامی دروستبوونی شەڕ لەنێوان خێڵەکاندا لەسەر زۆرترین خاوەندارێتی، و مۆنۆپۆڵکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەم، چینی کۆیلە پەیدابوو. خێڵە بەهێزەکان، خێڵە لاوازەکانیان دەکردە کۆیلەی خۆیان. چینی خاوەن کۆیلە لەسەر حیسابی کار و بەری ڕەنج و ژیانی چینی کۆیلە دەژیان. بەهۆی گەشەسەندنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، و دابەشبوونی کار، و دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا، پێکهاتە و دامەزراوە خێڵایەتییەکان هەڵوەشانەوە، و پێکهاتە و دامەزراوەیەکی گشتگیرتر و دامەزراوەتری وەک دەوڵەت بە فۆرمە سەرەتاییەکەی جێگەی گرتەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی چەوسێنەر و باڵادەست، دژ بە چینی چەوساوە و کۆیلە. ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەو شارستانیەتانەی سیستەمی کۆیلایەتییان تێدا درووستبووە لە مێژوودا، وەکو میسری کۆن، و سۆمەری، و هیند، و چین، و یۆنان، و ڕۆما، جیاوازی لە ئەرک و ماف و شوێنی کارکردن و چۆنێتیی دابەشبوونی چینی کۆیلەکان دەبینین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جگە لەوەی مافی تەواویان نەبووە وەکو کەسێکی ئازاد و سەربەست، هەمیشە کارە سەختەکان لەسەر شانی ئەم چینە بووە. کۆمەڵگا لەسەر کار و ڕەنج و بەرهەمی ئەم چینە درووستبووە و پێشکەوتووە. ژمارەی کۆیلەکان لە زۆر شوێندا، یا نیوەی دانیشتووانیان پێکدەهێنا، یانیش چەند قاتی خەڵکی ئازاد زیاتربوون. بە بۆچوونی توێژەری ڕووسی (دیاکانۆف) لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا، کۆیلەکان نیوەی دانیشتوانی وڵاتی نێوان دوو ڕووباریان پێکهێناوە. لە نزیکەی سێ سەدەی پێش زایندا، لە شارێکی وەک ئەسینا (٢٦٥) هەزار کۆیلە هەبوون، بەرانبەر بە (٩٠) هەزار خەڵکی ئازاد. لە شاری (قۆرنتۆس)ـی ڕۆمانی، (٤٦٠) هەزار کۆیلە هەبوون بەرانبەر (٤٦) هەزار خەڵکی ئازاد. چینی کۆیلە، لە ئەنجامی شەڕی نێوان خێڵەکانەوە پەیدابوو. دواتر چەند هۆکارێکی تریش بوونە هۆی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، و زۆربوونی چینی کۆیلە. لەو هۆکارانەش:

تاوانباران، ئەوانەی سەرپێچیی بڕیارەکانی سەرکردەکانیان دەکرد. قەرزارەکان، کە قەرزەکانیان بۆ نەدەدرایەوە، دەبوو وەک کۆیلە لای خاوەن قەرزەکان کاریان بکردایە. ئەوانەی لە شەرع و یاسا و دین لایاندەدا، دەکران بە کۆیلە. ئەو منداڵانەی لە دایک و باوکێکی کۆیلەبوون، دەکران بە کۆیلە. مێردکردنی ئافرەتێکی ئازاد بە پیاوێکی کۆیلە، ئەویش دەکرا بە کۆیلە. سەرەکیترین ئەو بوارانەی کۆیلە کاری تێدا کردوون:

١- له کێڵگه و دەشتەکاندا کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی دەکرد.

٢- له چاندن و ئاودێری، و بەرهەمهێنانی میوەدا کاری پێکراوە.

٣- له کانەکاندا کاری دەکرد بۆ دەرهێنانی خەڵوز و میتاڵ.

٤- له کردنەوەی ڕێگاوبان و دروستکردنی خانووبەرە و قەڵا و شوراکاندا کاری پێکراوە.

٥- هەر بۆ شەڕی سەربازییش کۆیلەکان بەکاردەهێنران.

**هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی:**

له مێژووی سیستەمی کۆیلایەتیدا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بە سیستەمی کۆیلایەتی کراون. گەورەترین شۆڕش، شۆڕشی کۆیلەکانی ڕۆما بوو، بە سەرکردایەتیی سپارتاکۆس دژ بە قەیسەری ڕۆما، و چینی خاوەن کۆیله. هەر له سەردەمی سپارتاکۆسدا، نزیکەی چل هەزار کۆیلەی چاڵگەکانی ئیسپانیا و کۆیلەکانی مەکەدۆنیا دژی چینی خاوەن کۆیله ڕاپەڕین. له سەدەی سێیەمی زاینیشەوە ڕاپەڕینی فراوانی کۆیلەکان، تەواوی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرێتیی ڕۆما، و باکووری ئەفریقای گرتەوە، کە بە بزووتنەوەی (باگۆدایی) و (دۆناتییەکان) ناسرابوون. هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە بە تێکشکان و سەرنەکەوتن کۆتاییانهات. تا دواتر زەمینەی مێژوویی لەناوچوونی سیستەمی کۆیلایەتی ڕەخسا و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تر جێگەی گرتەوە کە دەرەبەگایەتی بوو.

گرنگترین ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی، دابەزینی ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵی، و کاری پیشەی، و کاری بازرگانی، و پەرەنەسەندنی تەکنیک بوون. بەگشتی ئەم هۆکارانە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە چیتر سیستەمی کۆیلایەتی، سیستەمێکە بە کەڵک نایەت. هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی له سەدەی پێنجەمی زایینی بە دەستی خێڵە جێرمەنییەکان، و دابەشکردنی دوو لەسەر سێی زەوی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی بەسەر سەرۆک خێڵ و سەرکردە سەربازییەکاندا، ڕێگەی خۆشکرد بۆ پەیدابوونی سیستەمێکی تری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، ئەویش سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو. دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، و ئاسیای بچووک، و باکوری ئەفریقا، و تا کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاستی گرتبووەوە. سەرۆک خێڵ و سەرکردە سەربازییەکان لەسەر زەوییەکانیان کاریان بە جووتیار (کۆیلەی زەوی) دەکرد. بەمەش دوو چینی تر پەیدابوون، چینی دەرەبەگ (فیوداڵ)، کە چینی جووتیار (کۆیلەی زەوی، ڕەعیەت)ـی دەچەوساندەوە.

# دووەم فۆرماسیۆن: سیستەمی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم)

لەدوای ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریتیی ڕۆمانی لە سەدەی پێنجەمی زایینی، سیستەمی کۆیلایەتی کۆتایی هات، و سیستەمی دەرەبەگایەتی پەیدابوو. ئەو هۆکارانەی بوونەهۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی، هەمان ئەو هۆکارانەش بوونە سەرەتای پەیدابوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی. هەڵوەشاندنەوە و نەمانی هەر سیستەمێک لەپڕ و بەڕۆژ و شەوێک ڕوونەداوە. بەڵکو لەهەناوی هەر سیستەمێکدا بە فەترەیەکی زەمەنیی زۆر، سیستەمێکی تر سەریهەڵداوە. واتا لە سەرەتاکانی هەر سیستەمێکی نوێدا، پاشماوەکانی سیستەمە کۆنەکە ماون. هەروەها لە کۆتایی هەر سیستەمێکیشدا سەرەتاکانی سیستەمێکی نویێ دەرکەوتوون. کۆپەیوەندیی زاڵی کۆمەڵایەتی- ئابوری- سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا (سەدەکانی ناوەڕاست، لە سەدەی پێنجەمی زایینییەوە دەستپێدەکات، تا سەدەی پانزەیەمی زایینی) کۆپەیوەندیی دەرەبەگایەتی بوو. لە سیستەمی کۆیلایەتیدا جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی لەنێوان چینی خاوەن کۆیلە و چینی کۆیلەدا بوو. چینی خاوەن کۆیلە، چینی کۆیلەی دەچەوساندەوە و لەسەر حیسابی ژیان و بەری ڕەنجی ئەو چینە دەژیان، و چینی کۆیلە وەک کاڵایەکیش ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرا. لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەگۆڕێت، و لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتییش گۆڕانی بەسەردا دێت. ئابوری و بەرهەمهێنانی زاڵی سیستەمی دەرەبەگایەتی، ئابورییەکی کشتوکاڵی بووە. (پیشەگەری لە شاریشدا بۆ تەواوکەری سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە.) هەربۆیە جیاوازیی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی دەکەوێتە نێوان هەردوو چینی دەرەبەگ (فیوداڵ) و چینی جووتیار (کۆیلەی زەوی، ڕەعیەت)ـەوە. چەوساندنەوەی چینی جووتیار لەلایەن چینی دەرەبەگەوە بە دوو جۆر بوو: یا ناچارکردنی جووتیارەکان بە کارکردنی خۆڕایی لە زەوی دەرەبەگەکاندا لە هەفتەیەکدا چەند ڕۆژێک، واتا بێگاری. یانیش ناچارکردنی جووتیارەکان بە پێدانی بەشێکی دیاریکراو لە بەرهەمەکەیان بە دەرەبەگەکان لەبری موڵکانە، یان هەقی زەوی. جووتیارەکان لەگەڵ زەوییەکاندا دەگواسترانەوە، ئەگەر موڵکداریی زەوییەکان بۆ دەرەبەگێکی تر بگواسترایەتەوە. واتا جووتیارەکان دەبوونە پاشکۆی زەوی، یا کۆیلەی زەوی. لە سیستەمە چینایەتییەکاندا جگە لە چینی چەوسێنەر و چەوساوە، چینی ناوەندیش بوونی هەبووە. لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا چینی ناوەند: پیشەوەران، و فرۆشیاران، و وردەبازرگانەکان و وەستاکان بوون.

هەرچەندێک دەرەبەگەکان کەلوپەل و بابەتی جوانکاری، و چەک و تەقەمەنی جەنگییان زۆرتر دەکڕی، دەبوو زۆرتر خوێنی جووتیارەکانیش بمژن. بۆیە بە پەرەسەندنی بازرگانی و پێشکەوتنی کەرەستەکانی جەنگ، بێگاری، و باج و سەرانەی سەر جووتیارەکانیش بەرزتر بووەوە. کاتێکیش دەوڵەتی ناوەندی بەهێز بوو، و دەسەڵاتی سیاسیی بەهێزی کەوتەدەست، سوپای دەرەبەگە ناوچەییەکان لەبەریەک هەڵوەشایەوە، و لەشکر و سوپای شاهانە جێگەی گرتەوە. بەمەش باجی سەرشانی جووتیارەکان زیادیکرد، بۆ خەرجی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی. وردەوردە ئەم باجەی دەوڵەتیش لە دانەوێڵە و بەرهەمەوە بوو بە دراوی نەختی(نەقدی). ئەمەش یارمەتیدەربوو بۆ پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی کاڵایی. چونکە جووتیارەکان ناچاربوون بەشێکی بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا بفرۆشن و بە دراوی نەختی بیگۆڕنەوە تاکو باجی دەوڵەتی پێبدەن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا لەپاڵ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییدا، کڵێسای کاسۆلیکیش بەشێک بوو لە سیستەمە دەرەبەگایەتییەکە. کڵێسا بەشێکی سەرەکیی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو، بەرگریی لێدەکرد و بەباشی دەزانی. بەرژەوەندییەکانی کڵێسا بە خودی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە پەیوەست بوو. ئیمپراتۆر نوێنەری دەسەڵاتی دونیایی بوو، کڵێساش نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئاینی، و ڕۆحیی دەکرد.

**هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی:**

چەندین هۆکار هەبوون زەمینەسازییان بۆ داڕمانی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەکرد. کاریگەریی ئەو هۆکارانە بەڕوونی لە سەدەی چواردەیەمەوە دەرکەوتن.

یەکەم و گرنگترین هۆکار ڕاکردنی جووتیار (کۆیلەی زەوی) بوو. دەرەبەگەکان ژیانێکی خۆشیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو، کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان بووەهۆی ئەوەی هەریەکە و هەوڵی بەهێزکردنی پێگەکەی خۆی بدات. ئەو حاڵەتەش زیادبوونی پێداویستیی دەرەبەگەکانی لێکەوتەوە، تاوەکو بتوانن ڕووبەڕووی ئەو قورساییە ببنەوە کە کەوتبووە ئەستۆیان. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێداویستییە ڕوولەزیادبووانە، چەوساندنەوەی جووتیارەکانیان زیاتر کرد. داوای بەروبوومی زیاتریان لە جووتیارەکان دەکرد. جووتیارەکان نەیاندەتوانی بەرگەی ئەو خواستە زیادبووانە بگرن، کە بەشی زۆری بەرهەم و هەوڵەکانیانی دەبرد. زۆرێکیان ڕاکردنیان بەرەو شارەکان بەباشتر دەزانی. لە شار ئازادی و ڕزقێکی باشتر هەبوو لەوەی لە دەرەبەگنشینەکان دەستیان دەکەوت. داڕمانی سیستەم بە هۆکاری ناوخۆیی بوو، ئەویش ڕاکردنی جووتیار (کۆیلەی زەوی) بوو بۆ شارەکان. لەبەر ئەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای ئابوریی کشتوکاڵی دامەزرابوو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە جووتیار ( ڕەعیەت) بەستبوو، ڕاکردنیان بووە هۆکاری لەقکردنی سیستەم و بەردەوام نەبوونی. ئەو شارانەش، ئەو ناوەندانە بوون کە لە شارستانێتیی کۆنی ڕۆمانییەوە مابوونەوە، کە پیشەگەری و بازرگانییان تێدابوو. بەڵام پوکاوە و زۆر لاوازبوون بە بەراورد بە پێشوو.

دووەم هۆکاری لاوازبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی، دەرکەوتنی دراوی "نەختی" بوو. ئابووریی دەرەبەگایەتی، ئابوورییەکی "عەینی"بوو. ئاڵوگۆڕەکان بەشێوەی عەینی ئەنجامدەدران، واتا شمەک بە شمەک، یان کاڵا بە کاڵا. بەشێوەیەکی فراوان بواری بەکارهێنانی نەخت نەبوو. بەڵام دۆزینەوەی جیهانی نوێ ( دۆزینەوەی ڕێگەی رأس الرجاء الصالح، لە ساڵی١٤٩٣، بەرەو هیندستان و ڕۆژهەڵات، و دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٨) زێڕ و زیوی بەلێشاو بۆ ئەوروپا هێنا، بەتایبەتیش بۆ شارە بازرگانییەکان. بازرگانەکان پیشەگەرەکانیان لە بەرامبەر بە کرێی نەختی بەکاردەهێنا. دەرەبەگە گەورەکان ئەو کاڵایانەی کە بازرگانەکان لە دەرەوە هاوردەیان دەکرد بە نەخت دەکڕییەوە. بەوجۆرە چوارچێوەی مامەڵەکردن بە نەخت فراوان بوو. بۆ بەدەستهێنانی ئەو نەختە، بەشێکی زۆری دەرەبەگەکان پەنایان بۆ فرۆشتنی مافە عەینییە دەرەبەگایەتییەکان برد، یان زەوییەکانیان بە کرێی نەخت بە جووتیارەکان دەدا. بەو جۆرە سیستەمی پاشکۆیەتیی زەوی، یا کۆیلەی زەوی تێکشکێنرا کە بڕبڕەی پشتی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو.

سێیەم هۆکار لە هۆکارەکانی لاوازبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی، هاوکاریی بازرگانەکان بوو لەگەڵ پاشاکاندا، بۆ کۆتاییهێنان بە خاوەندارێتیی تایبەتی دەرەبەگەکان. بەرژەوەندیی پاشاکان و بازرگانەکان دژ بە دەرەبەگایەتی، بەرژەوەندییەکی هاوبەش بوو. بەرژەوەندیی بازرگانەکان زیادبوونی سەربەخۆییان بوو لە شارەکاندا. بەرژەوەندیی پاشاکانیش پشتیوانی شابوون و سوڵتانبوونی خۆیان و نەهێشتنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بوو. بازرگانەکان پارەی پێویستیان بە پاشاکان دەدا، بۆ ئەوەی مەبەستەکانیان بپێکن. کەسانی بەتواناشیان ئامادە دەکرد، تا یارمەتیی پاشاکان بدەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیدارییدا. بەجۆرێک کۆتایی بە دەسەڵات فراوانی دەرەبەگەکان هێنرا. سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا، و شۆڕشە بۆرژوازییەکان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ئەوروپادا (بۆ نموونە: شۆڕشی فەرەنسی، لە ساڵی ١٧٨٩دا، دوای ئەوەی خاوەندارێتیی فیوداڵیی لەناوبرد، خاوەندارێتیی بۆرژوازی جێگەی گرتەوە) . بەتەواوی کۆتاییان بە پاشماوەکانی سیستەمی

**دەرەبەگایەتی هێنا و شێوازێکی تری بەرهەمهێنان و چەوساندنەوەی چینایەتی جێگەی گرتەوە، کە بە سیستەمی سەرمایەداری (کەپیتاڵیزم) ناسرا.**

## سێیەم: فۆرماسیۆنی سەرمایەداری (کەپیتاڵیزم)

داهێنانی چاپ لە ساڵی ١٤٣٤دا لەلایەن گۆتەنبێرگەوە، دۆزینەوە گەردوونییەکانی کۆپەرنیکۆس لە ساڵی ١٤٥٣دا، دۆزینەوەی ڕێگەی "رأس الرجاء الصالح" لە ساڵی ١٤٩٣دا بەرەو هیندستان و ڕۆژهەڵات، دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٨دا، دۆزینەوەی ڕێگەی دەریایی بەرەو ئەفریقا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی لەسەر دەستی مارتن لۆسەر لە ساڵانی ١٥١٧دا... هەموو ئەو گۆڕانکاری و داهێنان و دۆزینەوانە لە ئەوروپادا، ئاماژەیان بە سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ دەکرد، چ لەسەر ئاستی ژێرخان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان، چ لەسەر ئاستی سەرخانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری. لە سەدەی پانزەدا، سیستەمی دەرەبەگایەتی بەرەو لاوازبوون و هەرەسهێنان ڕۆیشت. چینێکی نوێ پەیدابوو، کە ئابوریی سەدەی پانزەی ئاراستەدەکرد، ئەویش چینی بازرگان بوو. لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بازرگانی لاواز بوو، زۆربەی پێداویستییەکان لەڕێی کشتوکاڵەوە تێردەکران. جگە لە بازرگانی، پیشەگەرییش بوارێکی گەورە و فراوان نەبوو. دۆزینەوەی جیهانی نوێ، و کەرەستەی نوێ ڕێگەی خۆشکرد بۆ پەیدابوونی چینی بازرگانان. دەرەبەگایەتی، ئابورییەکی کشتوکاڵی بوو، پەیوەستیش بوو بە لادێکانەوە. بەڵام چالاکیی بازرگانی، چالاکییەک بوو پەیوەست بوو بە شارەکانەوە. بازرگانی پێویستیی بە ئازادییەکی زیاتر بوو، کە پێچەوانەی ئەو کۆتوبەندانە بوو کە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەیسەپاند. لەبەرئەوە شارەکان بەرەو ئازادکردنی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکان هەنگاویاننا. بەمەش بازرگانەکان سەربەخۆیی زیاتریان بەدەستهێنا بۆ چالاکییە بازرگانییەکانیان. زۆرجاریش پەنایان بۆ شەڕی دەرەبەگەکان بردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەربەخۆییە.

لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بەشێوەیەکی فراوان بواری بەکارهێنانی دراوی نەخت نەبوو. بەڵام دۆزینەوەی جیهانی نوێ لە سەدەی پانزەدا زێڕ و زیوی بەلێشاو بۆ ئەوروپا هێنا، بەتایبەت بۆ شارە بازرگانییەکان. بەهۆی ئەو دۆزینەوانەش چوارچێوەی مامەڵەکردن بە دراوی نەختی فراوانبووەوە. بازرگانەکان پیشەگەرەکانیان لە بەرانبەر بە دراوی نەختی بەکاردەهێنا. دەرەبەگەکانیش ئەو کاڵایانەی کە بازرگانەکان لە دەرەوە هاوردەیان دەکرد، بە دراوی نەختی دەکڕییەوە. بازرگانەکان هاوکاریی پاشاکانیان دەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی فراوانی دەرەبەگەکان. پاشاکانیش هاوکاریی بازرگانەکانیان دەکرد بۆ سەربەخۆیی زیاتر لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکاندا. بازرگانەکان، پیشەگەرانیان لە کارگەی دەستی کۆدەکردەوە و کاریان پێدەکردن. کارگانە و ئامرازەکانی ناوی، موڵکی بازرگانەکان بوون. بەمەش چینێکی نوێ پەیدابوو، ئەویش چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) بوو. کە لەسەر فرۆشتنی هێزی کاری دەژیا بە چینی سەرمایەدار (بۆرژواز). لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەوە بەتەواوی سیستەمێکی نوێ دەرکەوت، و جێگەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی گرتەوە، کە بە سیستەمی سەرمایەداری ناسرا. سیستەمی سەرمایەداری لە سەدەکانی دواتردا پەرەسەندنی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بەڵام لەماوەی ناوەڕاستی سەدەی شانزەوە تا سەدەی هەژدە، ***بازرگانی*** چالاکیی سەرەکی ئەو سیستەمە بوو. پیشەسازی ببووە پاشکۆ و لە خزمەتی بازرگانیدا بوو، لەبەرئەوە ئەو ماوەیە بە "سەرمایەداریی بازرگانی" ناونرا.

دوای ئەوەی ئابوریی ئەوروپا لە ئابوریی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداریی بازرگانی گەشەیسەند. سەرمایەداری لەو گەشەسەندنەدا قەتیس نەما، بەڵکو زیاتر گەشەیسەند تاوەکو لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا بە سەرمایەداریی پیشەسازی گەیشت. گرینگترین ڕووداو کە بووە هۆی ئەو گەشەسەندنە، شۆڕشی پیشەسازی بوو. شۆڕشی پیشەسازی گەلێک ئامێر و ئامرازی نوێی بەرهەمهێنانی داهێنا، کە بووە هۆی گۆڕینی هونەری بەرهەمهێنان. کارگە پیشەسازییە گەورەکان، شوێنی پیشەسازییە دەستییەکان، و کارگە پیشەسازییە بچووکەکانیان گرتەوە. داهێنانەکانی بواری هێزی بزوێنەری ئامێرەکان بەردەوام

لە گەشەسەندندا بوون. لە سەرەتاکاندا پشت بە هێزی "با" دەبەسترا وەک بزوێنەری ئامێرەکان. پاشان پشت بە هێزی ئاو بەسترا، کە بەهۆیەوە دەبوو کارگەکان لەنزیک ڕووبارەکان دابمەزرێن. دواتر دەزگای بەرهەمهێنانی هێز بە هەڵم داهێنرا. لێرەوە هەڵم و ئامێرە نوێیەکان شۆڕشێکیان لە بەرهەمهێنانی پیشەسازییدا بەرپاکرد. ئەمەش بووەهۆی زیادبوونی هێزی بەرهەمهێنانی کارگەکان، و بەجۆرێک کارگەکان دەیانتوانی بڕێکی ئێجگار زۆری کاڵا بەرهەمبهێنن.

مارکس و ئەنگڵس لە "مانیفێست"دا، باس لە قۆناغی حاکمییەتی چینی بۆرژوازی دەکەن، کە کەمتر لە سەد ساڵی حاکمییەتدا گەلێک هێزی بەرهەمهێنەری گەورەتر و زیاتری لە کۆی نەوەکانی پێشوو بەدیهێناوە. ڕامکردنی هێزەکانی سرووشت، کارکردن بە ئامێر، سوودوەرگرتن لە کیمیا لە پیشەسازی و کشتوکاڵدا، بزوێنەری هەڵمی، ڕێگاکانی ئاسن، تەلەگرافی کارەبایی، هەموارکردنی ڕووبارەکان بۆ کەشتیوانی. هەرچەندێک پیشەسازی، بازرگانی، دەریاوانی و ڕێگای ئاسن گەشەیاندەسەند، بەو ڕادەیەش بۆرژوازی گەشەیدەسەند، و سەرمایەی خۆی هەڵدەکشاند، و هەموو چینە بەجێماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی دەکردە دەرەوەی سەکۆی شانۆکەوە. بۆرژوازی لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕۆڵێکی لەڕادەبەدەر شۆڕشگێڕانەی لە مێژوودا گێڕاوە.

بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوە، سەرمایەداریی بازرگانی بەرەو قۆناغی سەرمایەداریی پیشەسازی گەشەیسەند. ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی کارگەی گەورەی بەرهەمهێنان، و زیادبوونی بەرهەم و کاڵاکان. بەشێوەیەکی گشتییش گۆڕان بەسەر کۆپەیوەندیی ئابوری_کۆمەڵایەتی_سیاسیی ئەورووپادا هات. بەڵام کێ خاوەندارێتیی ئەو کارگانە و ئامێرەکانی ناوی دەکرد؟ کێ لەو کارگانەدا کاریدەکرد، و چۆن کاردەکرا، و بەرانبەر بەچی کاردەکرا؟ جیاوازیی چینایەتی، و ململانێی چینایەتی لەنێوان چینەکاندا چۆن بوو؟ کام چین، چینەکەی تری دەچەوساندەوە؟ لەناو بازرگانەکانەوە چینی بۆرژوازی سەریهەڵدا. چینی بۆرژوازی(سەرمایەدار) بەهۆی لەموڵکایەتیداماڵینی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و بەهۆی ئەو سەرمایەیەی کە لەلایان کەڵەکەببوو، خاوەندارێتیی کارگە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان کرد. هاوشان بە چینی بۆرژوازی، چینی پرۆلیتاریا(کرێکار)یش پەیدابوو. چینی کرێکار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەشداریی دەکرد، و لە کارگەکاندا کاری بۆ چینی سەرمایەدار دەکرد بەرانبەر بە کرێیەک، کە بە ***پارە*** دەدرا. کرێکار، هێزی کاری خۆی دەفرۆشت بە سەرمایەدار لە بەرانبەر بە کرێیەک کە بە پارە دەدرا. سەرمایەدار بۆ ڕۆژێک، هەفتەیەک، مانگێک، هتد ئەو هێزی کارەی دەکڕی. دوای ئەوەی هێزی کارەکەی دەکڕی، تا کۆتایی بەگەڕیدەخست.

کرێکاریش ناچاربوو بەگوێرەی ڕێککەوتن کار لەسەر کات بکات. هێزی کار وەک کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و نرخی لەسەر دادەنرا. واتا هێزی کار لە بازاڕدا لەپاڵ کاڵاکانی ترەوە ئاڵوگۆڕدەکرا و نرخی لەسەر دادەنرا. کرێکار، کاری وەک بەشێک لە چالاکیی ژیانی خۆی بە سەرمایەدار دەفرۆشت بۆ ئەوەی ئامرازەکانی بژێوی و پێویستییەکانی ژیانی دابینبکات. کار وەک چالاکیی ژیان بۆ کرێکار تەنها ئامرازێک بوو بۆ ئەوەی پێی بژێت. ئەو تەنانەت کاری بە بەشێک لە ژیانی خۆی نابینی، نامۆبوو بەو چالاکییەی ژیانی. ژیان بۆ ئەو ئەوکات دەستپێدەکرد کە لە کار تەواو دەبوو.

لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، لەڕێگەی هێزی کاری کرێکارەوە، چینی سەرمایەدار سەرمایەی کەڵەکەدەکرد. کرێکاران لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، و کاڵایان بەرهەمدەهێنا. بەرانبەر بە بەگەڕخستنی هێزی کاری خۆیان کرێیەکیان پێدەدرا. بەڵام ئەو کرێیە بەهای ڕاستەقینەی هێزی کاری کرێکاران نەبوو. کرێکاران زیاتر لەو کرێیەی پێیاندەدرا، کاریاندەکرد. چینی سەرمایەدار، لەڕێگەی کاری زیادە، یان زیادەی کاری کرێکارانەوە "زیادەبەها"ـی دەخوڵقاند، و لەڕێگەی زیادەبەهاشەوە سەرمایەی کەڵەکەدەکرد. ئەم پرۆسەیە بەردەوام دووبارەدەبووەوە تا ئەوەی چینی سەرمایەدار بووە خاوەنی سەرمایەیەکی زەبەلاح. واتا ئەوە هێزی کاری کرێکارانە زیادەبەها بۆ چینی سەرمایەدار دەخوڵقێنێت. جەوهەری کاڵا بریتییە لە کاری مرۆڤ، بەهای کاڵاش لەسەر بنەمای قەبارەی کاری مرۆڤ دیاری دەکرێت. کاری مرۆیی شامادەیەکە کە ژیان دەکات بە بەری کاڵادا، و دەیهێنێتە بوون. لێرەوە جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی دەکەوێتە نێوان هەردوو چینی سەرمایەداران و کرێکارانەوە. چینی سەرمایەدار خاوەندارێتیی کارگە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرمایەی زەبەلاحی دەکرد،

و چینی کرێکاریش نە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوو، نە خاوەنی سەرمایە بوو، تەنیا خاوەنی هێزی کاری خۆی بوو، کە بە چینی سەرمایەداری دەفرۆشت بۆ ئەوەی ئامرازەکانی بژێوی و پێویستییەکانی ژیانی دابینبکات.

سەرمایەداریی پیشەسازی دوای ئەوەی گەشەیسەند و بوژایەوە، قەیرانی یەک بەدوای یەکی بەخۆیەوە بینی. چالاکییە ئابورییەکان لە زیادبوون و هەڵکشان، بەرەو داچوون و بێبازاڕی چوون. قەیران لە دەوڵەتێک، یان زیاتر لە دەوڵەتێکی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا ڕوویدا. زەقترین دەرکەوتەی ئەو قەیرانانە بەرزبوونەوە و زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی ناو کرێکاران بوو. لێرەوە قەیران و بێکاری بوونە دووانەی لێکجیانەبووەوەی سیستەمی سەرمایەداری. تا سەرمایەدارییش مابێت قەیران و بێکاری بەردەوامبوونی دەبێت. یەکەمین قەیرانی ئابوریی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە بەریتانیا، قەیرانێک کە لە هەرەسی بازاڕی داراییدا ڕەنگی دابووەوە. ئەو قەیرانەش بە "تۆقینە مەزنەکەی ١٨٢٥" ناسراوە لە مێژوودا. ئەو قەیرانە بە داخستنی شەش بانکی لەندەن، و شەست بانکی بەریتانی دەستییێکرد و بەخێرایی لە ئەمریکای لاتین و ئەمریکای سەروویش بڵاوبووەوە. ئەوەی لەوکاتەدا بەریتانیا لە هەرەس دەپارێزێت دەرچوونی ئاڵتوون بوو لە بانکی فەڕەنساوە بەرەو بانکی ئینگلتەرا، کە پارسەنگێک بۆ ئابوریی بەریتانی دەگەڕێنێتەوە.

لە ساڵی ١٨٣٠ـیشدا فەرەنسا خۆیشی دەکەوێتە قەیرانێکی لەو جۆرەوە. ئیتر هەر لە سەرەتای ئەو سەدەیەوە قەیرانی ئابوریی سەرمایەداری مۆرکێکی جیهانی لەخۆدەگرێت. لەو کاتەوەش تا ئێستا سیستەمی سەرمایەداری هەر دەساڵ جارێک زیاتر یان کەمتر، قەیرانی ئابوریی جیهانیی بەخۆیەوە بینیوو. قەیرانە ئابورییەکانیش، سەرەتا لە ناوەندە پیشەسازییەکانەوە دەستپێدەکەن، و بەزوویی دەچنە بواری بازرگانییەوە، پاشان دەگەنە هەرەسی دارایی.

قەیران دەرەنجامی نەبوونی هۆشیارییەکی هاوبەشی نێوان بەرهەمهێنەرانە. ئەگەر بەرهەمهێنەران لەو چەندایەتییە بەئاگابوونایە کە پێداویستیی بەکاربەرەکانە، ئەگەر بەرهەمهێنانیان ڕێکبخستایە لەنێوان خۆیاندا، ئەوکات ڕکابەری نێوان بەرهەمهێنەران و مەیلی بۆ قەیران ڕوویندەدا. قازانج و ڕێژەی نێوان ئەو قازانجە و سەرمایەی بەکارهێنراو، یان ئاستی دیاریکراوی تێکڕای قازانج بڕیار لەسەر فراوانکردنی بەرهەمهێنان، یان سنووردارکردنی دەدەن. نەک بڕی ڕێژەی بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ. لەپێناوی کەڵەکەکردنی سەرمایە و قازانجی زیاتر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەرهەمهێنانی زیاد و زیادەی بەرهەم دێتە کایەوە. بەهۆی ساغنەکردنەوەی زیادەی بەرهەمیش نرخ دادەبەزێت و قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە کەمدەکات. بۆ بەرزکردنەوەی نرخیش، بەرهەمهێنەران ڕێژەی بەرهەمهێنان کەمدەکەنەوە. بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانیش ئاستی کارپێدان دادەبەزێت و بێکاری لەناو کرێکاراندا بەرزدەبێتەوە. زۆرجاریش زیادەی بەرهەم دەفەوتێنرێت بۆ ئەوەی نرخەکەی لە بازاڕدا بەرزبێتەوە. هەموو ئەوانەی باسکران دەبنە سەرچاوەی قەیران و بێکاری، و زۆربوونی هەژاری و برسێتی، و سەرهەڵدانی جەنگ... لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، سەرمایەداری پێدەنێتە قۆناغی ئیمپریالیستییەوە. سەرمایەداریی پیشەسازی پێویستی بە کەرەستەی خاو و کانزای زیاتر هەبوو بۆ پەرەپێدانی پیشەسازییەکەی، هەروەها بۆ ساغکردنەوەی زیادەی بەرهەم، پێویستی بە شوێن و جوگرافیای زیاتر هەبوو. وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان کەوتنە داگیرکاری وڵاتە دواکەوتووەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بەوەش سەرمایەداریی ئەو قۆناغە ناونرا سەرمایەداریی ئیمپریالیستی.

سەرمایەداریی پیشەسازی لە ئینگلتەرا دەرکەوت و گەشەیسەند. هاوشان بەو گەشەسەندنە گرینگترین قوتابخانەی بیری ئابوری لە ئینگلتەرا سەریهەڵدا، ئەویش قوتابخانەی کلاسیک بوو. ئادەم سمس (١٧٢٣-١٧٩٠) زۆرێک لە بنەماکانی ئەو قوتابخانەیەی دانا. دواتر ئەو قوتابخانە ئابورییە لەسەر دەستی دەیڤد ڕیکاردۆ (١٧٧٢-١٨٢٣) گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. هەریەکە لە ماڵتۆس (١٧٧٦-١٨٣٤) و جۆن ستیوارت میل(١٨٠٦-١٨٧٣) دوو ئابوریناسی دیاری قوتابخانەی کلاسیک بوون. لەڕووی ئابوریی سیاسییەوە قوتابخانەی ئابوریی کلاسیک سەر بە سیستەمی سەرمایەداری بوو. بەرگرییان لە ئابوریی ئازاد و لیبراڵیزم دەکرد. بانگەشەی ئەوەیان دەکرد نابێت دەوڵەت دەست لە ئابوری وەربدات، دەبێت ئابوری شتێکی سەربەخۆ بێت،

و لەسەر بنەمای یاسای سرووشتی، و *خواست* و *خستنەڕوو* بڕواتەڕێوە. ئابوریناسە بۆرژوازییەکانی قوتابخانەی کلاسیک، پاساویان بۆ بێکاری و قەیرانەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەهێنایەوە. پێیانوابوو بێکاری و قەیرانەکان لە ماوەیەکی کاتی و ڕاگوزەر زیاتر هیچی تر نین. داوای ئەوەیان دەکرد ئابوری ئازادبکرێت و حکومەت دەست لە کاروباری ئابوری وەرنەدات، بۆ ئەوەی کێشەی بێکاری چارەسەربکرێت. ئابوریناسەکانی قوتابخانەی کلاسیک، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد حکومەت لێگەڕێت کرێی کرێکاران دابەزێت بۆ ئەوەی هانی سەرمایەداران بدات هەموو بێکاران بخەنە سەر کار، و کارپێدانی تەواوەتی بێتەدی. پێیانوابوو ئەو دابەزینە پێویستە بۆ ئەوەی بەتەواوی کۆتایی بە بێکاری بێت. سەرەڕای دابەزینی کرێی کرێکاران، و سەرەڕای ئەوەی بێکارەکان ئامادە دەبوون بە کرێیەکی کەمتر کاربکەن، بەڵام کارپێدانی تەواوەتی بەدی نەهات، و بێکاری کۆتایی پێنەهات.

## تیۆری "کینزی"، وەک فریادڕەسی سەرمایەداری

ئابوریناسی ئینگلیزی " کینز" (١٨٨٢-١٩٤٦)، بایەخێکی زۆری دەدا بە قەیرانەکانی سیستەمی سەرمایەداری و دیاردەی بێکاری. بێکاری تەنگی بە کۆمەڵگای نوێی سەرمایەداری هەڵچنیبوو. کینز و قوتابخانە ئابورییەکەی، بێکارییان بە مەترسییەکی گەورە دەزانی بۆ سەر سیستەمی سەرمایەداری. ئەگەر بێکارە برسییەکان داهات و کاریان نەبێت، و بارودۆخیان چارەسەر نەکرێت، هیچ سەبرێکیان نامێنێت و ئەگەری شۆڕشکردن و ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری دەبێتە ئەگەرێکی گەورە. کینز بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر بێتو کێشەی بێکاری چارەسەر بکرێت، دەکرێت لە ئەگەری شۆڕش و ڕووخاندنی سەرمایەداری بە دووربین و سیستەمی سەرمایەداری ڕزگاربکرێت. بۆ کۆتاییهێنان بە بێکاری، کینز بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەبێت دەوڵەت بەتەواوی دەستبەرداری سیاسەتی ئابوریی بازاڕی ئازادبێت، و بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دەبێت دەوڵەت دەست لە ئابوری وەربدات. ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی قوتابخانەی کلاسیک بوو، کە پێیانوابوو بێکاری بەوە چارەسەردەبێت دەوڵەت دەست لە ئابوری وەرنەدات و ئابوری، ئازاد بێت. تیۆری کلاسیکی لە کارپێداندا، ڕوونیدەکاتەوە کە دابەزینی کرێ دەبێتە هۆکاری نەهێشتنی بێکاری و بەدیهێنانی کارپێدانی تەواوەتی. کینز ڕەخنەی لەو بیرۆکەیە گرت، و ڕوونیکردەوە کە ئەگەری زۆری هەیە دابەزینی کرێ لەبری نەهێشتنی بێکاری، ببێتە هۆکاری زیادبوونی بێکاری. ئەوەشی بۆ کۆمەڵێک هۆکار گەڕاندەوە گرینگترینیان: کرێی کرێکاران، ئەو داهاتانەیە کە لە کڕینی کاڵادا خەرجیدەکەن.

ئەو کرێیانە ڕێژەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی پێکدەهێنن. کاتێک کرێ دادەبەزێت داهاتی کرێکارانیش دادەبەزێت، پاشان خواستیان لەسەر کاڵایش دادەبەزێت. کاتێکیش خواست لەسەر کاڵا دادەبەزێت، سەرمایەداران بڕی بەرهەمهێنان کەمدەکەنەوە. ئەوکات بەهۆی کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانەوە ئاستی کارپێدان دادەبەزێت، و بێکاری زیاددەبێت. هەروەها کینز ئەوەی ڕوونکردەوە کە دابەزینی کرێ ڕەنگە ببێتە هۆکاری ئەوەی سەرمایەداران پێشبینیی دابەزینی زیاتری کرێ لە داهاتوودا بکەن؛ و جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی ئارەزووی دەکەن دوایبخەن، بۆ ئەوەی بتوانن سوودی زیاتر لە دابەزینی کرێ وەربگرن. دواخستنی ئەو پرۆژانەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی ئەو کرێکارانەی لەلایان کاردەکەن دەربکرێن، و ئەوەش دەبێتە هۆی بێکاری زیاتر.

لای کینز، بێکاری دەرەنجامی لاوازیی خواستی کارای گشتییە کە لەسەر کاڵا درووستدەبێت. سیاسەتی ئاووری دەبێت کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو خواستە بکات. تاوەکو ئاستی بەرهەمهێنان زیادبکات و کۆتایی بە بێکاری بهێنرێت و کارپێدانی گشتگیر بەدی بێت. لای کینز و قوتابخانەکەی، خواستی گشتی لە ڕێگەی خواستی بەکاربردن، و خواستی وەبەرهێنانەوە زیاددەبێت. بۆ زیادکردنی خواستی بەکاربردن، کینز و قوتابخانەکەی بانگەشەی گرتنەبەری ئەمانە دەکەن:

**یەک:** دووبارەدابەشکردنەوەی داهات لەناو تاکەکاندا. دابەشکردنێک کە تا ڕادەیەک لە یەکسانییەوە نزیک بێت. جیاوازیی دابەشکردنی داهات لە دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی پاشەکەوت. لەبەرئەوە دەبێت باجی هەڵکشاو بسەپێنرێت، بە جۆرێک بەشێکی سامان و داهاتی دەوڵەمەندەکان ببڕدرێت، و دەوڵەت ئەو بەشە داهاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ چینی هەژاران بگەڕێنێتەوە. بەوەش خواستی بەکاربردن زیاددەبێت، و زیادبوونی خواستی بەکاربردنیش دەبێتە هۆی زیادبوونی خواستی گشتی، و بە زیادبوونی خواستی گشتیش ئاستی بەرهەمهێنان زیاددەکات و ڕێژەی کارپێدان بەرزدەبێتەوە.

**دوو:** کینز و لایەنگرانی تێبینیی ئەوەیان کرد، بەشێکی زۆری تاکەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، خزمەتگوزارییە زەرورییەکانی ژیانیان لە خواردن، و خوێندن، و چاودێری تەندروستی بەدەست ناگات. بۆ ئەوەی بەکاربردنی گشتی ئەو خزمەتگوزارییانە زیادبکرێت، داوایان لە دەوڵەت کرد بەخۆڕایی، یان بە نرخێکی ئیسمیی زۆر کەمتر لە تێچوونی بەرهەمهێنانی، ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەشی خەڵک بکات.

بەڵام سەبارەت بە زیادبوونی خواستی وەبەرهێنان، کینزییەکان چەند مەرجێکیان بۆ دەوڵەت دانا:
**یەک:** دەوڵەت لە کاتی ڕوودانی بێکارییدا خۆی پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجامبدات، و بەشێکی بێکاران بخاتە سەر کار.
**دوو:** دەوڵەت نرخی سوو دابەزێنێت، تاوەکو هانی ڕێکخەران بدات بۆ قەرزکردن و ئەنجامدانی وەبەرهێنانی نوێ. بە گوزارشتێکی تر دەبێت دەوڵەت سیاسەتی نەختی هەرزان پەیڕەوبکات، بۆ ئەوەی هانی وەبەرهێنان بدات.
**سێ:** دەوڵەت کۆتایی بە قۆرخکردنی داهێنانە نوێیەکان بهێنێت، تاوەکو هەر ڕێکخەرێک بە دەرکەوتنی داهێنانێکی نوێ مافی پراکتیزەکردنی ئەو داهێنانە نوێیەی هەبێت، و وەبەرهێنانی نوێ لەسەر بنەمای داهێنانی نوێ دابمەزرێنێت.
**چوار:** بەشێوەیەکی گشتی کۆتایی بە قۆرخکارییەکان بهێنرێت، تاوەکو نرخی بەرهەمەکان بەردەوام بەرز نەبن، چونکە خواست لەسەر کاڵای بەکاربردن کەم دەبێت و ئەوەش ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کەمدەکات. کاتێک قۆرخکاری نامێنێت، نرخی کاڵای بەکاربردن دادەبەزێت، و خواست لەسەریان زیاددەکات. ئەوەش هانی بەرهەمهێنەران دەدات تاوەکو ئاستی بەرهەمهێنانیان زیادبکەن. بە زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانیش، ئاستی کارپێدانیش زیاددەبێت. بەکورتی سیاسەتی دەستوەردانی دەوڵەت لای کینزییەکان بۆ بەرزکردنەوەی خواستی گشتی بوو، تاوەکو بەرهەمهێنان و کارپێدان زیادبن، و کۆتایی بە بێکاری بێت، کە بەردەوام هەڕەشەیەک بووە بۆ لەناوچوونی سیستەمی سەرمایەداری.

کینز و قوتابخانەکەی دەیانویست سەرمایەداری لە قەیران و بێکاریی بەردەوام ڕزگاربکەن، بۆ ئەوەی سەرمایەداری ڕووبەڕووی شۆڕش و ڕووخان نەبێتەوە. گەر سەرمایەداری بەپێی تیۆرەکەی کینزیش بێت، هەر سیستەمێکی ناعادیل و چەوسێنەرە، چونکە سیستەمی سەرمایەداری، سیستەمێکی چینایەتییە و لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی تایبەت و چەوساندنەوەی چینایەتی بەڕێوەدەچێت. تا خاوەندارێتیی تایبەت و ململانێی نێوان سەرمایە و کار بوونی بمێنێت، بێکاری و قەیرانەکانی سەرمایەداری بەردەوامدەبن. قازانج و ڕێژەی نێوان ئەو قازانجە و سەرمایەی بەکارهێنراو، یان ئاستی تێکڕای قازانج بڕیار لەسەر فراوانکردنی بەرهەمهێنان، یان سنووردارکردنی دەدەن، نەک بڕی بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو بۆ قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. تا بەرهەمهێنانیش بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە بێت، بێکاری و قەیرانەکانی سەرمایەداری هەر بەردەوام دەبن.

## سەرمایەداری لەمڕۆدا

سەرمایەداری تا ئێستایش لە جیهاندا کار دەکات، و جیهان بەڕێوە دەبات. تا ئێستایش ئەوە چینی بۆرژواز و سەرمایەدارە کە چینی کرێکار و چینەکانی تریش دەچەوسێننەوە. واتا تا ئێستایش مێژوو، مێژووی چینایەتییە. سەرمایەداری لەمڕۆشدا، سەرمایەداریی قەیران و بێکاری و ئاشوب و جەنگ و برسێتییە، بگرە قووڵتر و فراوانتریش بووەتەوە لە چاو سەردەمەکانی تردا. بەشێک ناوی سیستەمی سەرمایەداریی ئەمڕۆ، بە سیستەمی سەرمایەداریی دوایین ناودەبەن. بەشێکی تریش بە نیولیبراڵیزم، و سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی کۆمپانیا زەبەلاحەکان ناوی دەبەن. دوای قەیرانەکانی سەرمایەداری، و دابەزینی بڕ و قازانجی سەرمایە. نیولیبراڵیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە وەکو فۆرمێکی سیاسەتی ئابوری برەوی پەیداکرد. هەریەکە لە مارگرێت تاچەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە ماوەی ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩٠)، و ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەنێوان ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٩)، دەبنە پەیڕەوکەرانی دیاری سیاسەتی نیولیبراڵیزم. پەیڕەوکەرانی نیولیبراڵیزم بە یارمەتیی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، بەشێوەیەکی بنەڕەتی زۆربەی وڵاتانیان ناچار بە قبوڵکردنی ئەو سیاسەتە ئابوریە کردووە.

نیولیبراڵیزم پەیڕەوی یاسای بازاڕی ئازاد دەکات. واتا دەبێت دەوڵەت دەست لە کاروباری کۆمپانیا تایبەتەکان وەرنەدات، و ئازادی و کرانەوەی زیاتریش بۆ بازرگانیی نێودەوڵەتی بڕەخسێت. یەکێکی تر لە سیاسەتە ئابورییەکانی نیولیبراڵیزم، بڕینی خەرجی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە وەک: پەروەردە و فێرکردن، چاودێریی تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا، هتد. هەموو ئەو کەرتە گشتییانە بە کۆمپانیا و کەرتە تایبەتەکان دەفرۆشرێن. کەرتە گشتییەکان، بەتایبەتیدەکرێن، و تێچووەکانی دەخرێنە سەر شانی کرێکاران و خەڵکانی هەژار. بەمەش قورسایی زۆر دەخرێتە سەر شانی کرێکاران و خەڵکانی هەژار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان. هەربۆیە لێرەوە بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی، شوێنی بەرپرسیارێتیی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی دەگرێتەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان.

هەرچەندە نیولیبراڵیزم بانگەشەی ئەوە دەکات دەوڵەت دەست لە کاروباری ئابوری وەرنەدات، بەڵام هەرکاتێک سەرمایەدار و خاوەن بانکەکان تووشی ئاستەنگ و قەیران بێن بەرەو حکومەت ڕادەکەن، و پشت بە دەوڵەت دەبەستن. بۆیە نیولیبراڵیزم لە کاتی قازانجکردندا دەیەوێت سیاسەتی ئابوریی بازاڕی ئازاد پەیڕەوبکرێت. لە کاتی قەیرانشدا دەوڵەت هاوکاری کەرتە تایبەتەکان بکات لەسەر حیسابی خەڵکانی کرێکار و هەژار.

ئیتر ڕوونە هەرێمی کوردستانیش، بەشێکە لە سیستەمی سەرمایەداری. سەرمایەدارییەک لەسەر ئابوریی نەوت خۆی دەژێنێت. لە ئێستایشدا هەرێمی کوردستان بەرەو سیاسەتی ئابوریی نیولیبراڵیزمی ئەمریکی هەنگاوی ناوە. لە پێشوودا هەرچەندە سیستەمەکە سەرمایەداری بوو، بەڵام کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گشتی هەبوون تێچووەکانی لەسەر شانی حکومەت بوو، واتا کەرتی گشتی بوون. بەڵام لە نیولیبراڵیزمدا حکومەت دەستبەرداری خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبێت و ڕادەستی کەرتە تایبەتییەکانی دەکات، لەوانەش: کەرتی ئاو و کارەبا، کەرتی تەندرووستی، کەرتی پەروەردە و فێرکردن... هەروەها فرۆشتنی ئەو کارگە و مانیفاکتۆرانەی کە پێشتر داهاتیان بۆ کەرتی گشتی و بەرهەمی نیشتیمانی دەگەڕاندەوە. واتا تێچووی ئەو کەرتە گشتییانەی کە لەسەر شانی حکومەت بوو، ئیتر تێچووەکەی دەخرێتەوە سەر شانی خەڵک. بەمەش ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک قورستر دەبێت.

بەپێچەوانەی ئەو وێنە دڵخۆشکەرەوە کە لەسەر سیستەمی سەرمایەداری پێشکەشکرابوو، کە گوایە سیستەمێکە گەرەنتیی ئایندەیەکی گەش دەکات و هەمووان دەحەسێنێتەوە. گەر سەیری واقیعی جیهانی ئەمڕۆ بکەین دەبینین ملیۆنەها مرۆڤ بەدەست هەژاری و برسێتی و بێکارییەوە دەناڵێنن. ئەمە لە کاتێکدایە ڕۆژبەڕۆژ سەرمایەدارەکان زیاتر دەوڵەمەندتر دەبن.

قەیرانی بەردەوامی سەرمایەداری، و بێکاریی فراوان، و بارگرژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، و جەنگ و شەڕ، بەردەوام شوناسی سیستەمی سەرمایەداری بوونە. قەیران لە هەر بەشێکی ئابوریی جیهاندا ڕوو‌بدات، بەخێرایی پەلدەکێشێت بۆ بەشەکانی تری جیهان. وەک چۆن قەیرانی ئابوریی ساڵی٢٠٠٨ کاریگەریی بەسەر بەشی زۆری وڵاتانی جیهانەوە هەبوو. بۆرژوازی ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکان بکات، تەنیا ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕوودانی قەیرانی فراوانتر و وێرانکەرتر، هەروەها میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لە قەیران کەمدەکاتەوە.

لەمڕۆدا کردەی چڕبوونەوەی سەرمایە گەیشتووەتە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر، بە جۆرێک چەند سەد کۆمپانیایەکی نێونەتەوەیی زەبەلاح چارەنووسی ئەم جیهانەیان گرتووەتە دەست. بەشی زۆری داهات و سەرمایەی جیهانیش لە دەست چینێکی ئێجگار کەمدا کۆبووەتەوە.

سیستەمی سەرمایەداری کە قازانج دەخاتە سەروو هەموو شتێکەوە، هەموو ئەو هەوایەی هەڵیدەمژین، و ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، و ئەو نانەی دەیخۆین ژەهراوی کردوون. سەرمایەداری بەردەوام سەرچاوە سرووشتییەکان لە بەرهەمهێنانی ناپێویستدا بەهەدەر دەدات. زۆرجاریش بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان زیادەی بەرهەمهێنان لەناودەبات، بۆ ئەوەی نرخەکان لە بازاڕەکاندا بەرزبنەوە. گەر سەیری پیشەسازیی بەرهەمهێنانی چەک، و ئۆتۆمبێل، و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بکەین، دەبینین بەلێشاو کاڵای ناپێویست بەرهەمدەهێنرێت، ئەمە لە کاتێکدایە بە ملیۆنەها مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابین نابێت. بەرهەمهێنانی ناپێویست هۆکارێکە بۆ نەمانی سەرچاوە سرووشتییەکان، و تێکچوونی ژینگە، و دواجار ڕەنگە تێکچوونی خودی ژیانیش لەسەر ئەم هەسارەیە. ئاماژەکانی کەمبوونەوەی دارستانەکان، و ئەگەری کونبوونی بەرگەهەوای ئۆزۆن، و گەرمبوونی گۆی زەوی... ئاماژەن بۆ ئەگەری تێکچوونی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە. ئەوەی پێی‌وایە سیستەمی سەرمایەداری کۆتا سیستەمە، و هیچ بەدیلێکی تری نییە. دەبێت ئەوەش بزانێت گەر سەرمایەداری کۆتا سیستەم بێت، ئەوا کۆتایی ئەم هەسارەیەش بەدەستی سەرمایەداری ئەگەرێکی مومکین دەبێت. بۆیە دوو بژاردە لەبەردەم مرۆڤایەتیدایە یان بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆشیالیستی، یانیش بەربەریەتی سەرمایەداری و وێرانبوونی شارستانیەت(کة ئێستا بەجرێك لە جۆرەكان هاتووەتەدی).

# کۆمۆنیزم

لە سەرەتادا باسی کۆمۆنەی سەرەتاییمان کرد، وەک نمونەی پارادایمی بێچین و کۆمەڵگای بێچین، کە جیاوازیی چینایەتی و خاوەندارێتیی تایبەتیی تێدا نەبووە. کۆمۆنیزمیش لەناو پارادایمی چینایەتی، و لە سەردەمێکی نوێدا هەوڵدانە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای بێچین و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت. لەناو نەریتی مارکسیزمدا، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزمیش وەک هاومانای یەکتر وەرگیراون و بەکاردێن. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە مەبەست لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەریەک قۆناغ بێت. سۆسیالیزم قۆناغێکی لەپێشترە و قۆناغێکی ڕاگوزەرە بەرەو کۆمۆنیزم. لە سۆسیالیزمدا هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت و جیاوازیی چینایەتی دەدرێت، بەڵام بەتەواوی لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا جیاوازیی چینایەتی و خاوەندارێتیی تایبەت هەڵدەوەشێنەوە. ماوتسی تۆنگ، قۆناغی سۆسیالیزم بە "کۆکەرەوەی دژەکان" دادەنێت.

لە سۆسیالیزمدا پاشماوەکانی سەرمایەداری، و ململانێ و ئاسۆکانی بنیاتنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئامادەییان هەیە. کۆمەڵگا یان سۆسیالیزم تێدەپەڕێنێت و بەرەو قۆناغی کۆمۆنیزم دەڕوات، یانیش دەگەڕێتە دواوە و سیستەمە کۆنەکە دێتەوە سەر کار.

لەڕووی زاراوەوە سۆسیالیزم (Socialism)لە وشەی"Social" ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، کە بەواتای کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی دێت. کۆمۆنیزمیش (Communism) لەڕووی زاراوەوە لە وشەی"Communis" ـی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەواتاکانی گشتی و هاوبەشێتی دێت. کۆمۆنیزم بەواتای ژیانی هاوبەشانە و پێکەوەیی مرۆڤەکان دێت، کە کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی هاوبەش بەڕێوە دەچێت، نەک لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی تایبەت. مارکسیزمیش لە ناوی مارکس و پاشگری "یزم ـ"ism ـەوە وەرگیراوە، کە هەر ئاماژەیە بۆ ئەو ئایدیا کۆمۆنیستییەی کە مارکس و ئەنگڵس تەرحیانکردووە، و ڕابەران و نوسەرانی تری کۆمۆنیست پەرەیان پێداوە. هەرکەسێک هەڵگری ئەم ئایدیایە بێت پێیدەوترێت سۆسیالیست، یان کۆمۆنیست، یانیش مارکسی.

### کۆمۆنیزم لە پانتایی ئایدیادا

مرۆڤەکان لە کۆمۆنەی سەرەتاییدا لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی گشتی، و بەشێوەی کۆمەڵ و کۆمۆنیتی پێکەوە ژیاون، و جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتییان لەنێواندا نەبووە. دوای ئەوەی کۆمۆنەی سەرەتایی هەڵدەوەشێتەوە، پارادایمی چینایەتی و کۆمەڵگای چینایەتی جێگەی دەگرێتەوە. لەوێوە جیاوازیی چینایەتی و ململانێی چینایەتی دەستپێدەکات، و خاوەندارێتیی تایبەت جێگەی خاوەندارێتیی گشتی دەگرێتەوە. بەدرێژایی سیستەمە چینایەتییەکان بیرۆکە و ئایدیای عەدالەت و یەکسانی و هاوبەشی، ئامادەییان هەبووە. بەدرێژایی سیستەمە چینایەتییەکان خەون و هیوا هەبووە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای عەدالەت و یەکسان.

هەموو ئەو خەون و هیوایانە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای عەدالەت و یەکسان، دەکرێت بە خەون و هیوای کۆمۆنیستی دابنێین لە پانتایی ئایدیادا. لە ساڵی ١٥١٦دا تۆماس مۆر نوسەری ئینگلیزی، کتێبێکی بەناوی "یۆتۆپیا"وە نووسی، تێیدا وێنای

کۆمەڵگایەکی عادیل و یەکسانی کێشابوو. لە ساڵی ١٦٢٠دا یەکێک لە پیاوە ئاینییەکانی ئیتاڵیا بەناوی "کامپانێلا"وە کتێبێک بەناوی "شاری خۆر"ەوە دەنوسێت، و وەسفی شارێکی خەیاڵی دەکات کە لەسەر خاوەندارێتیی گشتی و ژیانی هاوبەشانە دامەزراوە.

لەپێش مارکس و ئەنگڵس، و هاوسەردەمی ئەوانیش لەلایەن سۆسیالیستە فەڕەنسییەکانی وەک: سان سیمۆن، و چارلس فۆریە، و پرۆدۆن، و سۆسیالیستی ئینگڵیزی ڕۆبەرت ئۆین، و سۆسیالیستی ئەمریکی نۆرمان تۆماسەوە باسی کۆمەڵگای دادپەروەر، و باسی خاوەندارێتیی گشتی و کۆمەڵگای سۆسیالیستی کراوە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و زانستی نەبووە، زیاتر خەیاڵی و یۆتۆپی بووە. بەو جۆرە سۆسیالیزمانە وتراوە سۆسیالیزمی خەیاڵی. تەنیا لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدا بەشێوەیەکی واقیعی کۆمۆنیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەردەست ئامادە دەبێت و دەخرێتەڕوو. لەگەڵ ئەواندا ئەو ئیمکان و ئەگەرە بە واقیعی لەبەردەم خەڵکدا دەکرێتەوە کە بتوانن کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتبنێن، و دواتریش خاوەندارێتیی تایبەت هەڵبوەشێننەوە و خاوەندارێتیی گشتی جێگیر بکەن، و کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای بێچین بنیاتبنێن.

## کۆمۆنیزم لە پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەستدا

سۆسیالیستەکانی پێش مارکس و ئەنگڵس، و ئەوانەی هاوسەردەمی مارکس و ئەنگڵسیش بوون، تێڕوانینەکانیان بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی تێڕوانینێکی لۆجیکی و زانستی نەبوو. بە خەون و خەیاڵ وێنای جیهانێکی سۆسیالیستییان دەکێشا کە خاڵی بێت لە ناعەدالەتی و چەوساندنەوە و خراپەکاری. مارکس و ئەنگڵس بە سوودبینین لەو جۆرە سۆسیالیزمانە، ئەڵتەرناتیڤی خۆیان لەسەر بنەمایەکی زانستی و لۆژیکی خستەڕوو. سۆسیالیزمەکەشیان ناونا سۆسیالیزمی زانستی، بۆ ئەوەی خۆیان لە سۆسیالیزمی خەیاڵی جیابکەنەوە. سۆسیالیستە خەیاڵییەکان ڕەخنەیان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگرت، و خوازیاری کۆمەڵگایەکی باشتربوون لە کۆمەڵگای سەرمایەداری. بەڵام ڕەخنە و شیکردنەوەکانیان بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پتر ڕەخنەیەکی ئەخلاقی بوو لەو سیستەمە، و بەدیلەکەشیان ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هەبوو نەک زانستی. سۆسیالیزمی خەیاڵی ڕەخنەی لە جەوهەری سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و یاساکان و گەشەسەندنەکانی سەرمایەداری نەدەگرت، بەڵکو ڕەخنەی لە دەرکەوتە و خراپەکارییەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەگرت.

سۆسیالیزمی خەیاڵی سەرەڕای ئەوەی سۆسیالیزمێکی نازانستی بوو، سۆسیالیزمێکی ناشۆڕشگێڕانەش بوو. بڕوایان بە شۆڕش و گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە نەبوو. مارکس و ئەنگڵس بە سوودبینین لە سۆسیالیزمەکانی پێشوو، هەروەها ئابوریی سیاسیی کلاسیک، ڕەخنەی زانستی لە سەرمایەداری دەگرن، و یاساکان و گەشەسەندنەکانی سەرمایەداری ڕووندەکەنەوە، و پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە، و کەڵەکەکردنی سەرمایە و زیادەبەها دەستنیشاندەکەن. میتۆدی ڕەخنەی مارکس و ئەنگڵسیش لە سەرمایەداری، میتۆدی ماتریاڵیزمی مێژووییە.

مارکس و ئەنگڵس ئەڵتەرناتیڤی ڕاستەقینەی سەرمایەداری دەخەنەڕوو، ئەڵتەرناتیڤێک کە خاوەندارێتیی تایبەت و کاری بەکرێ هەڵدەوەشێنێتەوە، و خاوەندارێتیی گشتی و کاری هەرەوەزیی جێگیر دەکات، و کۆمەڵگای بێچین بنیاتدەنێت. کۆمەڵگای بێچینیش لەسەر بنەمای "هەرکەس بەگوێرەی توانای خۆی کار دەکات، و هەرکەس بەپێی پێداویستییەکانی خۆی وەردەگرێت" بەڕێوە دەچێت.

گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری، و بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لای مارکس و ئەنگڵس لەڕێگەی چاکسازی و گۆڕانی ناشۆڕشگێڕانەوە ڕوونادات. لای مارکس و ئەنگڵس بزوێنەری مێژووی کۆی کۆمەڵگاکان ئەنتاگۆنیزم و ناکۆکییە چینایەتییەکان بووە (جگە لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی). هەربۆیە شۆڕشی سۆسیالیزم لای ئەوان ڕادیکاڵترین شۆڕشێکە بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییە چینایەتییەکان و خاوەندارێتیی تایبەت. لە ئەنجامی چەوساندنەوەی چینی پرۆلیتاریا لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە، ململانێ و خەباتی چینایەتی لەنێوان ئەو دوو چینەدا دەستپێدەکات، و چینی پرۆلیتاریا لەڕێگەی شۆڕشێکی سۆسیالیستییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی دێنێت، و کۆپەیوەندییەکانی سەرمایەداری هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتدەنێت. سۆسیالیزمیش قۆناغێکی ڕاگوزەر و زەمینەسازە بەرەو کۆمۆنیزم. لە کۆمۆنیزمدا بەیەکجاری کۆتایی بە خاوەندارێتیی تایبەت و کاری بەکرێ و جیاوازیی چینایەتی دێت. دەوڵەتیش وەک دەزگایەکی چینایەتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست، هیچ زەروورەتێکی نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە. هەموو بزووتنەوەکانی پێشوو لە بەرژەوەندیی کەمینەیەکدا بوون، بزووتنەوەی پرۆلیتاریا تاکە بزووتنەوەیەکە کە لە بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگادایە.

مارکس و ئەنگڵس جگە لەوەی ڕەخنەیان لە سۆسیالیزمی خەیاڵی دەگرت، ڕەخنەیان لەکۆی ئەو ڕەوتانەی تریش دەگرت کە بانگەشەی سۆسیالیزمیان دەکرد. مارکس و ئەنگڵس لە "مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست"دا کە لە ساڵی ١٨٤٨دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی ئەدەبیاتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیدا ڕەخنە لە سۆسیالیزمە کۆنەپارێزەکانی وەک: سۆسیالیزمی فیوداڵی، و سۆسیالیزمی وردەبۆرژوازی، و سۆسیالیزمی ئەڵمانی دەگرن. هەریەک لەو سۆسیالیزمانە، سۆسیالیزمێکی کۆنەپارێز و هەلپەرست بوون، خەمی چینی کرێکاران و هەژارانیان نەبوو، لە خەمی پێگە و ڕۆڵی چینەکەی خۆیاندا بوون لەناو سیستەمی سەرمایەدارییدا. یەکێکی تر لەو ڕەوتە بەناو سۆسیالیستانەی تری هاوسەردەمی مارکس و ئەنگڵس کە ڕەخنەیان لێدەگرت و ڕەتیاندەکردەوە، سۆسیالیزمی بۆرژوازی بوو. وەک لە مانیفێستدا هاتووە بەشێکی بۆرژوازی حەزدەکات هاوکاریی نەهێشتنی ناڕێکییە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بۆ ئەوەی مانەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی گەرەنتی بکرێت. ئەو بەشەی بۆرژوازیش ئەمانەی دەگرتەوە: ئابوریناسان، و هیومانیستەکان، و ڕیفۆرمیستەکانی دۆخی چینی کرێکار، و ڕێکخەرانی کارە خێرخوازییەکان، و ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی خەبات دژی ئازاردانی ئاژەڵان، و ئەنجوومەنەکانی لایەنگری میانڕەوی، و بەکورتی هەموو ڕیفۆرمیستەکانی دەگرتەوە لە هەر جۆرێک بن.

سۆسیالیزمی بۆرژوازی مەبەستی لە گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی چینی کرێکار، هەرگیز لەنێوبردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەو ڕیفۆرمە ئیدارییانە بووە کە بەپێی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەنجامدەدرێن. ڕیفۆرمگەلێک کە هیچ گۆڕانێک بەسەر خاوەندارێتیی تایبەت، و پەیوەندییەکانی نێوان کاری کرێ و سەرمایە ناهێنن. بەگشتی سۆسیالیزمی بۆرژوازی لە خزمەتی چینی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەدارییدا بوو، دونیایەکی دەویست تیایدا تەنیا چینی بۆرژوازی حاکم بێت. بەگشتی لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدا سۆسیالیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی زانستی دەخرێتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک. لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدا بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەبێتە ئەگەر و ئیمکانێکی واقیعی و مێژوویی.

# شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان

لە مێژووی چەوساندنەوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا، چەوساوە و ستەملێکراوان چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژ بە ستەمکاران هەڵگیرساندووە. لەناو ئەو مێژووەدا سێ شۆڕشی گەورە بوونیان هەیە: کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا کە تەمەنێکی کورتی هەبوو، شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧دا، سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩دا. ئەمانە شۆڕشی مەزنی کۆیلەکان بوون دژ بە ئاغاکانیان، ئامانجی ئەم شۆڕشانە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێچین بوو، کە چەوساندنەوەی چینایەتی تێدا نەبێت.

## کۆمۆنەی پاریس١٨٧١

کۆمۆنەی پاریس، یەکەمین شۆڕشی گەورەی سۆسیالیستی بوو لە مێژوودا. کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١، لەمیانەی دواڕۆژەکانی جەنگی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا ڕوویدا. خەڵکی پاریس لە هەلومەرجێکی ترسناکدا دەژیان: بێکاریی بەرفراوان، کەمیی خۆراک و ئەو وێرانکارییانەی کە لە جەنگەوە سەرچاوەیان گرتبوو. لە ١٨ی مارسدا، ئەم خەڵکە دژی حکومەتی خۆیان ڕاپەڕین. گاردی میلیی پاریس، کە لە هەناویدا ئاڕاستەی ڕادیکاڵ ئامادەییان هەبوو، هەستا و ڕاپەڕی... و هەندێک بەشی شارەکە لە شێوەی ڕاپەڕینێکدا چوونەپاڵ یەکتری. گارد لە زۆرترین شوێنی پاریسدا دەستی بەسەر شارەوانییەکاندا گرت و دوو ژەنەراڵی حکومەتی سەردەمی جەنگی فەرەنسای لەسێدارەدا. هەفتەیەک دواتر، گاردی میلی هەڵبژاردنی نوێی شارەوانییەکانی ڕێکخست. حکومەتێکی تازە درووستکرا کە بریتیبوو لە کۆمۆنە، و پێکهاتبوو لە سۆسیالیستەکان، ئەنارشیستەکان، مارکسییەکان، فیمینیستەکان، دیموکراتە ڕادیکاڵەکان و ئاراستە و ئینتیماکانی تر. کۆمۆنە، دەسبەجێ هێزی پۆلیسیی کۆنی هەڵوەشاندەوە. هەندێک چاکسازیی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵی بەجێگەیاند کە بریتیبوون لە: جیاکردنەوەی کڵێسا لە حکومەت، خستنەڕووی پەروەردە و فێرکردنی پیشەیی بۆ ژنان، ئامادەکردن و ڕەخساندنی لانە و ماڵ بۆ ژنانی شوونەکردوو، و هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەرز و باجانەی کە خرابوونە سەر شانی خەڵکی.

کۆمۆنە ناوەند و سەنتەرەکانی دۆزینەوەی کاری خستەسەرڕێ و مۆڵەتی دایە یەکێتییە کرێکارییەکان و هەرەوەزییە/تەعاونییە کرێکارییەکان تاکو بەڕێوەبردنی ئەو کارگانە بگرنە ئەستۆی خۆیان کە سەرمایەدارەکان لە ساتەوەختی جەنگدا پشتگوێیان خستبوون. پەنابەران مۆڵەتیان وەرگرت ببنە هاوڵاتیی تەواو. سیستەمی پەرلەمانی هەڵوەشایەوە، پێیان وابوو سیستەمێکی ناڕاستەوخۆ و ڕیاکارە. لەبری ئەوە دە شورایان دروستکرد، پێیان وابوو شورا فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی خەڵک خۆیەتی. بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەوە نەبوو کە حکومەتە تازە دامەزراوەکە دەستی دایە زنجیرەیەک هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە؛ بەڵکو هەوڵ بۆ ئەفراندن و دروستکردنی فۆرمێکی نوێی حکومڕانی بوو، جۆرێکی جیاوازی سیستەمی حکومڕانی. کۆمۆنە دەیویست کۆمەڵگایەکی عەدالەت و بێچین بنیاتبنێت، کە تێیدا جیاوازی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندا نەمێنێت.

مارکس لە "شەڕی ناوخۆی فەرەنسا"دا، باسی ئەو ئەزموونە دەکات و دەڵێت: دەرگاکان کرابوونەوە، نە دزی دەکرا، نە پیاوکوژی، نە تەرمێک لە تەرمخانە دەبینرا، وەک بڵێی لەو ڕۆژەوەی دەسەڵات لەم شارەدا ڕۆیشتووە گشت تاوانەکانیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە. کۆمۆنەی پاریس تەنیا ٧٢ ڕۆژ بەردەوام بوو، حکومەتی کۆنەپەرستی ڤێرسای (فەرەنسا) سوپایەکی سێسەد هەزار کەسیی کۆکردەوە. سوپاکە بۆ تێکشکاندن و نوشوستهێنانی کۆمۆنە چووەناو پاریسەوە. کۆمۆنارەکان بەشێوەیەکی

قارەمانانە دەستیاندایە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری. بەڵام سوپا سەنگەرەکانی سەرشەقامی ئەوانی تێکشکاند و کوشتاری بیست تا سی هەزار کەسی لە خەڵکەکە دەستپێکرد. کوشتارێک کە تەنیا هەفتەیەک درێژەی کێشا. جگە لە هێرشی سوپای فەرەنسا بۆ لەناوبردنی ئەو ئەزموونە، کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیش هەبوون ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەو لەناوچوونە. کۆمۆنە تەنیا شاری پاریسی گرتەوە، و بەرەو شارەکانی تری فەرەنسا هەنگاوی نەنا. سەرچاوە داراییەکانی سوپای فەرەنسایان نەبڕی، ڕێگەیاندەدا پارە لە بانکی پاریسەوە بۆ ڤێرسای بڕوات. سوپای فەرەنسایش بەو سەرچاوە داراییانە خۆی کۆکردەوە و خۆی بەهێز کرد، و دواتر هێرشی کردە سەر کۆمۆنە. خاڵێکی لاوازیی تری کۆمۆنەی پاریس نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی ڕێکخراو بوو. بڕوایان بە حیزبێکی ڕێکخراو نەبوو بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشە بکات، و شۆڕش ڕێنوێنی و ئاراستەبکات. یەکێکی تر لە هەڵەکانی کۆمۆنە، هەڵوەشاندنەوەی سوپا بوو. پێیانوابوو خەڵک خۆی دەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، و پێویست بە هەبوونی سوپا ناکات. ئەمە لە کاتێکدا بوو سوپای دوژمن خۆی کۆدەکردەوە و خۆی بەهێز دەکرد بۆ هێرشکردنە سەر کۆمۆنە. کۆمۆنە وەک یەکەمین شۆڕشی سۆشیالیستی لە جیهاندا، تەمەنێکی کورت ژیا. بەڵام ئەگەر و ئیمکانی دونیایەکی بێچەوساندنەوە و بێچینی خستە بەردەستی مرۆڤایەتی.

## شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا ١٩١٧

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ـی ڕووسیا لەدوای شکستی کۆمۆنەی پاریسەوە، یەکەمین شۆڕشی گەورەی سۆسیالیستی بوو لە مێژوودا. ئەم شۆڕشە لەلایەن حیزبی بەلشەفیکەوە بە سەرکردایەتیی لینین بەرپاکرا. شۆڕشی ڕووسیا لەناو گێژاوی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕوویدا. ئەم جەنگە لە ساڵی ١٩١٤دا هەڵگیرسا و تا کۆتایی ساڵی ١٩١٨ـی خایاند. جەنگی یەکەمی جیهانی لەنێوان دوو بلۆکدا بوو لە هێزە گەورە ئیمپریالیستییەکان. بلۆکێکیان بریتیبوو لە بەریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ڕووسیای قەیسەر یان تزاریش ئەندامی ئەم هاوپەیمانێتییە بوو. بلۆکەکەی تر بریتیبوو لە ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی. ئەوان بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستیی جیهانی لەگەڵ یەکدا دەجەنگان. بەدیاریکراوییش لەسەر کۆنترۆڵکردنی موستەعمەرات بوو لە ئەفریقا، و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کاتێک ڕوسیا چووەناو جەنگەکەوە، هەموو حیزبە گرینگەکانی ئەم وڵاتە و وڵاتە ئەوروپییەکانی تریش لەژێر ناوی نیشتیمانپەروەرییدا پشتیوانییان لە جەنگ کرد. هەر هەموویان، جگە لە حیزبی بەلشەفیک بە سەرکردایەتیی لینین. ئەم حیزبە هەڵوێستێکی بان-ناسیۆنالیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستیی گرتەبەر و هەوڵیدا خەڵک لەوە تێگەیەنێت کە جەنگێکی لەم جۆرە دژ بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەیە، لە وڵاتە ئیمپریالیستییەکاندا خەڵکی بانگهێشتکرد بۆ شۆڕش و جەنگ دژی دەوڵەتانی سەر بە خۆیان.

جووتیاران زۆرینەی کۆمەڵگای ڕوسییان پێکدەهێنا. ئەوان خاوەنی پارچەی بچووکی زەوی بوون و زۆرێکیشیان بەناوی پشکبەرەوە لەسەر زەوی کاریاندەکرد. وڵاتەکە هێجگار دواکەوتبوو و خەڵکەکە گیرۆدەی نەریت بوون. ژنانیش گیرۆدەی بارودۆخێکی تۆقێنەری ستەمکارانە بوون. شارەکان شوێنی خانووە پڕ لە نیشتەجێکان و خەڵکی بیمار و نەخۆش بوو. ڕووسیا ئیمپراتۆریەتێک بوو، میلەتی باڵادەستی ڕووس ناوچە جیاجیاکانی ئاسیای خستبووە ژێر دەسەڵات و داگیرکاریی خۆیەوە. نەتەوە غەیرەڕووسەکان لەسەدا چلوپێنجی خەڵکەکەیان پێکدەهێنا، بەڵام کەلتوری ئەم کەمینانە بەتوندی سەرکوتدەکرا و فێربوونی زمانی کەمینەکان لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بوو. ڕووسیایان بە زیندانی میلەتەکان ناودەبرد. ئەو ڕژێمە باڵادەستەی

ڕووسیا، ڕژێمێکی ستەمکار و سەرکوتکەر بوو، سەڵتەنەتی قەیسەر لەسەر بنەمای پۆلیسی نهێنی، زیندان، و ڕاوەدوونان و چاودێریکردنی خەڵک دامەزرابوو. جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی مردنی ملیۆن و نیوێک لە خەڵکی ڕوسیا، و برینداربوونی سێ ملیۆن کەس. وێڕای ئەوەی خەڵکی تووشی قاتوقڕی بوونەوە.

لە ڕووسیا قەیرانی نەمانی شەرعیەت و کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە هاتەئاراوە. کرێکاران کەوتنە شۆڕش و مانگرتن. ژنان هاتنە سەرجادە. زۆرێک لە سەربازەکان سەرپێچییانکرد و لە بەرەی جەنگ هەڵهاتن. لە مانگی شوباتی ١٩١٧دا کۆمەڵانی خەڵکی ڕوسیا دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر هەڵسان و دەسەڵاتی قەیسەریان لەناوبرد. حکومەتێکی کاتی پێکهێنرا، و کرینیسکی دەیبردەڕێوە و کۆمەڵێک لایەنی جیاجیای تیادا بەشدار بوو. بەڵام ئەو حکومەتە کاتییە نوێیەی کە هاتە سەر کار، هیچ گۆڕانکارییەکی لە بارودۆخی بنچینەیی کۆمەڵانی خەڵکدا نەکرد. لەجیاتیی ئەوەش بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ ئیمپریالیستەکانی وەک بەریتانیا و فەڕەنسادا ڕێککەوت کە ڕوسیا لە جەنگدا بهێڵێتەوە. لە هەلومەرجی نالەباری ڕووسیا، و لەناو ئەو هەموو چەوساندنەوەیەدا، زەرووڕەتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ڕووسیا هاتەکایەوە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا حکومەتە کاتییەکە هەرەسیهێنا و شۆڕشی بەلشەفیکەکان بە سەرکردایەتیی لینین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، و دەسەڵاتیان گرتەدەست.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕوسیاوە، بەلشەفیکەکان چەندین گۆڕانکاریی گرینگیان ئەنجامدا:

کارگە و کارخانەکان لەلایەن شوراکانەوە کۆنترۆڵکران، و بەڕێوەدەبران. زەوی ئاغاکان و کۆلاکەکان بەسەر جووتیارانی هەژاردا دابەشکران. دەوڵەتە نوێیە سۆشیالیستییەکە، بەڕەسمی دانی بە مافی چارەی خۆنووسیندا نا. دەسبەجێ و یەکلایەنە شەڕی ئیمپریالیستیی ڕاگرت. دەستوری سۆڤیەت شێوازێکی ڕەسمیی بەخشییە یەکێتیی فرەنەتەوەیی کۆمارەکان و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان. یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالیستی ١٢ کۆماری نەتەوەیی گەورە و ٢٥ ناوچەی ئۆتۆنۆمی و زۆر ناوچە و یەکەی بچووکتری دەگرتەوە. حکومەتە ناوەندییە نوێیەکە، مافی خۆبەڕێوەبەریی بەڕەسمی ناساند، ئەویش بە مانای دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەر و ئۆتۆنۆمی بوو لە کۆمارەکان و ناوچەکاندا. لە فەرمانی ساڵی ١٩١٧دا، مافی خوێندن بە زمانی دایک لە هەموو قوتابخانە و زانکۆکاندا بەخشرایە تێکڕای کەمە نەتەوەییەکان. کێشەی ستەمکردن لە ژنان کۆتایی پێهێنراو، و ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی بۆ ژنان دابینکرد، لەوانە: مافی جیابوونەوە، و مافی لەباربردنی کۆرپەلە... لە ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا هەریەکە لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە سۆسیالیستیکران، و پێشکەوتنی گەورەیان بەخۆوە بینی.

بەگشتی شۆڕشی ڕووسیا گۆڕانکاریی گەورەی ئەنجامدا، و دەسکەوتی زۆری هەبوو، بەڵام ئەم شۆڕشەش بەدەر نەبوو لە هەڵە و کەموکوڕی و تاوان. بەڵام دەبێت ئەو مێژووەش لە سیاقی خۆیدا بخوێنینەوە. مێژووی یەکێتیی سۆڤیەت کاتێک وڵاتێکی سۆسیالیستی بوو، یان مێژووی شەڕکردن بوو لە جەنگەکاندا، یاخود ئامادەبوون بۆ جەنگ یان ساڕێژکردنی برینەکانی پاش جەنگ. جگە لە شەڕی ناوخۆی ڕوسیا، و شەڕی هێزە دژەشۆڕشەکان، ساڵی ١٩٤١ ئەڵمانیای نازی، پەلاماری یەکێتیی سۆڤیەتیدا. ئەوان مۆدێرنترین سوپای دونیا و بەشی هەرەزۆری ئیمکانیەتی سەربازیی خۆیان دابارانده سەر یەکێتیی سۆڤیەتدا. سۆڤیەت بەوپەڕی قارەمانییەوە شەڕیکرد. ٢٦ ملیۆن هاوڵاتیی یەکێتیی سۆڤیەت لە جەنگدا گیانیان لە دەستدا، کە هاوتای یەک لەسەر هەشتی کۆی دانیشتوانی وڵات بوو. بەڵام سۆڤیەت توانیی کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆقێنەری هیتلەر بێنێت. دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣دا، هێزە نوێیەکانی بۆرژوازی لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەستانەوە و لە ساڵی ١٩٥٦دا نیکیتا خرۆشۆف پێگەیەکی باڵای لە حیزب و دەوڵەت و دەسەڵاتدا گرتەدەست و باڵادەستی چینی نوێی سەرمایەداریی جێگیرکرد؛ و بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕێبەرایەتیی بنیاتنانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی کرد بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی سەرمایەداری.

ئەمە کۆتایی یەکەمین دەوڵەتی پرۆلیتاری بوو لە مێژوودا. شۆڕشی سۆسیالیستیی ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧ تا ١٩٥٦ سەرەڕای هەڵە و کەموکوڕییەکانی، بەدەر لە کۆمۆنەی پاریس یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو شەقامی ڕزگاریی، و بەرەو دونیایەکی خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوەی چینایەتی.

## شۆڕشی چین ١٩٤٩

شۆڕشی ١٩٤٩ـی چین لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە بە سەرکردایەتیی ماوتسی تۆنگ بەرپاکرا. حیزبی کۆمۆنیستی چین لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٧دا شەڕێکی قورس لەنێوان کۆمێنتانگ و حیزبی کۆمۆنیستی چیندا ڕوویدا. حیزبی کۆمۆنیستی چین چەندین ساڵ لە شەڕ و ململانێی ناوخۆییدا بوو لەگەڵ حیزبی کۆمێنتانگدا. دوای داگیرکردنی وڵاتی چین لەلایەن هێزی ئیمپریالیزمی یابانەوە، ماو و کۆمۆنیستەکان گردبوونەوە و ڕێبەرایەتیی خەڵکی چینیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ کرد، دژی هێزی داگیرکەری ئیمپریالیزمی یابان. لە ساڵی ١٩٤٥دا، و لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کۆمۆنیستەکانی چین توانییان هێزەکانی یابان تێکبشکێنن. بەڵام وڵات وێران ببوو، ١٤میلۆن چینی بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە کوژرابوون. هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانیدا، شەڕی ناوخۆ لەنێوان کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی کۆمێنتانگدا، کە لەلایەن ئەمریکای ئیمپریالیستەوە پڕچەک و پشتگیریدەکرا دەستپێکردەوە. پاش چوارساڵ لە شەڕی چڕوپڕ، شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩دا سەرکەوت، و حیزبی کۆمۆنیستی چین بە سەرکردایەتیی ماو دەسەڵاتی گرتەدەست.

کۆمەڵگای چینی پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٤٩، کۆمەڵگایەکی نیمچەفیودالی بوو. زۆرینەی کۆمەڵگا، جووتیاری داماو و ملکەچی ژێر دەسەڵاتی بێڕەحمانە و خۆپەرستانەی موڵکدارەکان بوو. جووتیارەکان موڵکەکانیان بە موڵکانە لە موڵکدارەکان وەردەگرت. لە ساڵێکدا کە بەرووبوم باش بووایە، موڵکدارەکان دەیانتوانی نیوەی بەرووبومی بەرهەمهاتوو وەک موڵکانە وەرگرن و کاتێک بەرووبوم باش نەبووایە، ئەوا تەنانەت لەنیوە زیاتریان وەک موڵکانە وەردەگرت و ئەوەی بۆ جووتیارەکان دەمایەوە، زۆرجار بەشی خەرجییەکانی نەدەکردن، و جووتیارەکان ناچاربوون بە سووی لەسەدا ٣٠ و لەسەدا ١٠٠ پارە بە قەرز لە موڵکدارەکان وەرگرن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دەبووایە جووتیارەکان باجیان بە لایەنە پەیوەندیدارە ناوچەییەکان و هەروەها حکومەتیش بدایە. لە ساڵێکدا کە وشکەساڵی زۆر دەبوو، جووتیارەکان لە برساندا ناچاردەبوون گەڵای دار بخۆن و یەکێک لە منداڵەکانی خۆیان بفرۆشن تاوەکو منداڵەکانیتریان بە زیندوویی بمێننەوە. وشکەساڵی ببووە بەشێکی ئاسایی ژیانی خەڵک... وشکەساڵی یەکێک لەو شتانە بوو کە جووتیارەکان بە هۆکارێکی مردنی خۆیانیان دەزانی، وەک بڵێی هۆکارێکی ئاسایی مردنە، هاوشێوەی نەخۆشی یان بەساڵاچوون.

ژیان بۆ ژنان لە چین جەهەنەمێکی ڕاستەقینە بوو. لێدانی ژنان، مارەبڕینی سەر بێشکە، بەسۆزانیکردنی زۆرەملێ، بەربڵاو بوو. لە شارەکاندا بارودۆخ زۆر نائومێدکەر بوو. لە شەنگەهایدا پێش دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی، هەموو ساڵێک ٢٥ هەزار مردوو، لە شەقامەکاندا کۆدەکرانەوە. شەوانە لە کارگەکانی ڕستن‌وچنیندا، ژنان زیندانیدەکران و هێزە بیانییەکان لە شەنگەهای زۆر بەهێزبوون. کۆڵەکەکانی پێشکەوتنی چین گەشەیان نەکردبوو و بەزۆری مژۆڵی بەرهەمهێنانی کاڵا سووکەکانی وەک جگەرە و قوماش بوون. لە وڵاتێکی ٥٠٠ ملیۆن کەسییدا، تەنیا ١٢ هەزار پزیشک هەبوون کە زانستی پزیشکییان خوێندبوو. هەموو ساڵێک ٤ ملیۆن کەس بە هۆی نەخۆشییەوە دەمردن، کە لە ئەنجامی مشەخۆرەکان و هەوکردنەوە توشدەبوون.

چاوەڕوانی و ڕێژەی تەمەن تەنیا ٣٢ساڵ بوو. خەڵک وەها نائومێد و تێکشکاو بوون کە لە ئاستێکی زۆر فراواندا ڕوویانکردبووە تلیاکێشان. ٦٠ ملیۆن ئالوودەی مادەی هۆشبەرەکان لە چیندا هەبوو. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە بۆچی خەڵکی چین ڕوویانکردە شۆڕش. ئەمە ئەو زەروورەتەیە کە بۆچی دەبوو چینی دەسەڵاتداری چەوسێنەر بڕووخێنرایە و سیستەمی حکومەتەکەش لەناوبچووایە.

شۆڕشی چین بە بزواندنی کۆمەڵانی خەڵک سەرلەبەری کۆمەڵگای چینی لەسەر هەموو ئاستەکان گۆڕی: کەلتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەندروستی، پیشەسازی و ... هتد. ئەم شۆڕشە دەسەڵاتێکی حکومیی تازەی لەسەر بنەمای یەکگرتنی کرێکاران و جووتیاران بنیاتنا. ئەم هێزە تازەیە بەرگریی لە مافی هەموو خەڵک دەکرد، و هێزە دژەشۆڕشەکانی سەرکوتدەکرد و ئەگەری گۆڕانکاریی لە هەموو جومگە و ئاستەکانی کۆمەڵگادا ڕەخساند، و پاڵپشتیکردنی شۆڕشی جیهانی ڕەخساند. بە ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست لە شارەکان و گوندەکاندا دامەزراوەی تازە لە هەموو ئاستەکاندا دامەزرا، و ئەو توانا مرۆییانەی کە پێشتر دەچەوسانەوە، بە شێوەیەکی داهێنەرانە و بە مەبەستی گۆڕانکاریی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا خرانەگەڕ. یەکێک لە هەنگاوە بەراییەکان، چاکسازی بوو لە موڵک و زەوی و زاردا. لە سەرەتای دەیەی ١٩٥٠دا حکومەتە نوێیە شۆڕشگێڕەکە، لەسەدا ٣٠ بۆ لەسەدا ٤٠ ـی موڵکە جووتیارییەکانی لە چینی موڵکداری چەوسێنەر سەندەوە و بەسەر ٣٠٠ ملیۆن جووتیاردا دابەشیکرد. لە بواری تەندروستیدا، کۆلێرا و نەخۆشییە درمییەکانی تر بنبڕکران یان بەریان پێگیرا. نەخۆشخانە و بەشی پزیشکی کرایەوە، و تا ساڵی ١٩٦٥ چین ٢٠٠ هەزار پزیشکی گشتی پەروەردەکرد.

هەنگاوی گەورەی نا لە ڕیشەکێشکردنی ستەمی ژنان. چەوساندنەوە و ژیانی پڕ لە نەهامەتیی ژنانی چین کۆتایی پێهات، و هەموو ئەو دابونەریتە کۆنەپارێزانەی ژنانیان دەچەوساندەوە بنبڕکران. سیستەمێکی پەروەردەیی لەسەرانسەری وڵاتدا بنیاتنرا و کەمپینی خوێندن و پەروەردەکردنی جەماوەریی دەستیپێکرد. هەموو جۆرەکانی خۆبەخش بۆ گوندەکان نێردران و تا کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٥٠ زۆربەی جووتیارەکان خوێندەواریی سەرەتایی فێربوون، ئەمە شتێک بوو کە شۆڕش ڕەخساندی. بەربڵاوی و بەرفراوانیی ئالودەبوون بە تلیاکەوە، بەهۆی دووبارە پەروەردەکردن و فێرکاریی جەماوەرییەوە لەناوچوو. ئەو خەڵکانەی کە پێشتر ئالودە بوون، پاشان دەیانتوانی بەشێوەیەکی کارا ئیشبکەن... چاوەڕوانی ژیان (یان ڕێژەی تەمەن) لە چینی ساڵانی نێوان ١٩٤٩-١٩٧٦دا دووقاتبووەوە، لە ٣٢ ساڵییەوە بۆ ٦٥ساڵی بەرزبووەوە.

شۆڕشی چین هەر لە بنەڕەتەوە ئامانجی ئەوە بوو کۆمەڵگایەکی بێچین و ئازاد بنیاتبنێت، کە خاڵی بێت لە هەر ستەم و چەوساندنەوەیەک. بەگشتی دەسکەوتەکانی شۆڕشی چین زۆر بوون. بەڵام سەرەڕای ئەو دەسکەوتە زۆرانەش، ئەزموونی چین لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەر نەبوو. دوای مردنی ماو لە ساڵی ١٩٧٦دا، کودەتایەکی هاوشێوەی کودەتاکەی خرۆشۆف لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا ڕوویدا، و سەرمایەداری لە دوایین وڵاتی سۆشیالیستیدا سەریهەڵدایەوە، و باڵی بۆرژوازی ناو حیزبی کۆمۆنیستی چین بە سەرکردایەتیی دۆنگ سیاوپینگ دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەم شکستەش لەسەرتاسەری دونیادا زەربەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا.

شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩ـەوە تا شکستەکەی لە ساڵی ١٩٧٦دا بەرەو پێشچوونی هەرە گەورەی بەخۆیەوە بینی لە دروستکردنی دونیایەکی تەواو جیاوازدا. سۆشیالیزم لە چین شکستی خوارد، بەمەش شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان کۆتایی پێهات.

## کۆمۆنیزمی نوێ

دوای شکستهێنانی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان. پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری باسیان لە کۆتایی کۆمۆنیزم و تەنانەت کۆتایی مێژوویش دەکرد. سەرمایەدارییان بە سیستەمێکی ئەبەدی دانا کە هیچ بەدیلێکی نییە، و کۆمۆنیزمیشیان بە یۆتۆپیا و خەونێک ناساند، کە دواجار بە تۆتالیتاریەت و کۆمەڵگای داخراو کۆتاییدێت. شکستهێنانی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان بە واتای شکستی ئایدیای کۆمۆنیزم نایەت، بەڵکو شکستی ئەزموونێک بوو لەناو سیاقێکی مێژوویی پڕ لە ناکۆکی و جەنگدا، شکستێک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی خۆی هەبوو. بەڵام سەرەڕای شکستهێنانی ئەو ئەزموونانە، گەورەترین دەسکەوتیان هەبوو بۆ مرۆڤایەتی.

دوای شکستی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان، بۆرژوازی بەڵێنی سەردەمێکی نوێی لە ئاشتی و کامەرانی و دیموکراسی بە خەڵکدا، بەڵام هەموو ئەوانە بوونە وەهم، سەرمایەداریی ئیمپریالیستی بەخێرایی دونیا تووشی فەوتان و لەناوچوون دەکات: هەژاری، برسێتی، بێبەشبوون، بێکاری، بێ ماڵوحاڵی، زۆر چەوسانەوە، و ستەم کە ژیانی ملیارەها مرۆڤی فەوتاندووە. لەژێر سەروەریی سەرمایەدا، سەرلەنوێ سیستەمی کۆیلایەتی سەری دەرهێناوەتەوە. فرۆش و بازرگانی بە ژنان و منداڵانەوە بۆتە بەشێک لە سیستەمی ئابوری. قەیرانی ژینگە کە بەرەنجامی ڕاستەوخۆی ڕکێفی سەرمایەیە، ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تری خستۆتە مەترسییەوە. بەتوندی زیان بەر جەنگەڵ و دەریا و زەریا و ئۆقیانووس و خاک و ئاو و هەوای گۆی زەوی کەوتووە. هەموو ساڵێک هەزاران مرۆڤ کە بۆ دۆزینەوەی کار پەنا بۆ ئەمریکا و ئەوروپا دەبەن، ڕووبەڕووی مردنی دەسبەجێ یان شێنەیی دەبنەوە. ستەمکردن لە ژنان و توندوتیژی پیاوسالارانە لە لوتکەی خۆیدایە. لە هەموو لایەکەوە شەڕ دژی ژنان لەئارادایە. خورافەتی دینی، دژەزانستبوون، ڕەگەزپەرستی و فاشیزم دەست لەناو دەستی یەک وێنەی داهاتوویەکی تاریک دەکێشن. ناکۆکی نێوان هەردوو هێزی کۆنەپەرست و بەسەرچووی(ئیمپریالیزم و فەندەمێنتالیزم) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردۆتە وێرانە و قەسابخانە. جەنگ و وێرانکاریی و ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤ، ئاسایی بوونەتەوە. بارودۆخی دونیا گەیشتۆتە جێیەک کە دەبێت یان سیستەمی سەرمایەداری لەناوببرێت، یاخود سەرمایەداری ژیان لە ڕیشەوە هەڵدەکێشێت. بژاردەیەکی تر نەماوەتەوە.

حیکایەتی منداڵانەی کۆتایی مێژوو، و کۆتایی کۆمۆنیزم، حیکایەتێکی بۆرژوازییە خراوەتە سەرزاری خەڵک. خەونی سەرمایەدارییە کە هیچ بەدیلێکی نەبێت، و خۆی وەک کۆتایی مێژوو ڕابگەیەنێت. کاتێک دەوترێت کۆمۆنیزم کۆتایی هاتووە، واتای ئەوەیە دان بەوەدا دەنرێت کە بەربەریزمی سەرمایەداری ئەبەدییە. بێگومان ئاشکرایە کە هیچ هێزێک بێجگە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، توانا و ویستی داهێنانی مێژوویەکی تری نییە جیاواز لە مێژووی چەوساندنەوەی سەرمایەداری.

کۆمۆنیزمی نوێ، دەکرێت زۆر لق و ڕەوت بگرێتەوە، کە ڕەخنەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان دەکات، و سەنتێزی نوێی کۆمۆنیزمیش دەخاتەڕوو. "باب ئاڤاکیان" سەنتێزی نوێی کۆمۆنیزم بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

"سەنتێزی نوێی کۆمۆنیزم بریتییە لە تێهەڵکێش و لەچوارچێوەنانی سەرلەنوێی لایەنە ئەرێنی و ئیجابییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمەڵگا سۆشیالیستییەکان و فێربوون لە لایەنە سەلبییەکانی ئەو ئەزموونانەوە لە ڕەهەندەکانی وەک فەلسەفە، ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتدا. ئامانجەکە بریتییە لە دەسڕاگەیشتن بە ئاڕاستەگیری، میتۆد و دیدێکی زۆر زانستیانەتر لەبارەی شۆڕشکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات، هەروەها لەبارەی لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگای سۆشیالیستیی داهاتووەوە: دابینکردنی ئەو پێداویستییە مادییانەی خەڵک و کۆمەڵگا کە ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشاندان، زاڵبوون بەسەر برینەکانی ڕابردوودا و

بەردەوامیدان بە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا و پشتیوانیکردن لە خەباتە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان و کارکردن لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەیدانی جیهانی و خەباتی جیهانی بنەڕەتیترین و سەرەکییترین مەیدانە. لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی فەزایەک کە لەڕووی نەوعی و چۆنیەتییەوە زیاتر شیاو بێت بۆ پێداویستییە فیکری و کولتوورییەکانی خەڵک، و سەرپێخستنی پرۆسە جۆراوجۆر و دەوڵەمەندەکانی کەشفکردن و ئەزموونکردن لە پانتاییەکانی زانست و هونەر و کولتووردا؛ و بەشێوەیەکی گشتی ژیانی فیکریی کومەڵگا، و دروستکردنی فەزایەکی بەربڵاو بۆ کێبڕکێی ئایدیاکان و قوتابخانە فیکرییە هەمەڕەنگەکان، و داهێنانی کردە و خەلاقیەتی تاکەکەسی و پشتیوانیکردن لە مافە تاکەکەسییەکان وەک فەراهەمکردنی فەزایەک بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن لە کۆمەڵگای مەدەنییدا جیا لە دەوڵەت پێکەوە چالاکی و کردەیان هەبێت. هەروەها ئەنجامدانی هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی هەرەوەزی و هاوبەشیکردندا. لە هەمان کاتدا، پارێزگاری لە دەسەڵاتی دەوڵەت دەکرێت، ئەویش وەک دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەتی لەپێناوی خزمەتکردنی بە بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی پرۆلیتارییدا لە وڵاتانی دونیا دەگەشێتەوە. دەوڵەتیش ڕەگەزی ڕێنوێنیکەر و مەرکەزی دەبێت لە ئابووری و ئاڕاستەکردنی گشتیی کۆمەڵگادا. بەڵام خودی دەوڵەتیش بە بەردەوامی دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی هەڵکشاو دەبێتە دەوڵەتێکی تەواو جیاواز لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆیەو دیویەتی. ئەم پرۆسەیە بەشێکی گرنگە لە جووڵە بەرەو لەناوچوونی دەوڵەت کە بەهۆی سەقامگیربوونی کۆمۆنیزمەوە لەسەر ئاستی جیهان دەڕەخسێت و مومکین دەبێت" ( باب ئاڤاکیان، شۆڕش و ڕزگاریی مرۆڤایەتی، بەشی یەکەم، حەقیقەت، ژمارە ٥٤، مانگی ٤ـی ٢٠١١، ل١٧ ) .

کۆمۆنیزمی نوێ، هەر جۆرە ڕەخنەیەکی دیالەکتیکی دەگرێتەوە دەرهەق بە مێژووی کۆمنیزم. واتە ڕەخنەی هەڵەکان بکات و دەسکەوتەکانی بچنێتەوە و لە سیاقێکی کۆنکرێتییدا سودیان لێ ببینێت. پاشان کۆمۆنیزمی نوێ ئەرکێکی تیۆریی گەورەی لەسەرە، ئەویش خوێندنەوەی میکانیزمە نوێیەکانی سەرمایەدارییە. سەرمایەداری تادێت ئاڵۆزتردەبێت و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵێك تەمومژی بێسنوور دەئاڵێنێت بۆ ئەوەی نەیبینین. بۆنمونە، گەر لە سەرمایەداریی کلاسیکدا کاڵاپەرستی و بەرخۆری نەبووبێت، ئەوا ئێستا بۆتە سرووت و مەراسیمی کۆمەڵانی خەڵك و جێی هەڵوەستەیە بۆ چەپی نوێ...

لەمەڕ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش، پێویستمان بە خوێندنەوەی نوێی هەنوکەیی/مێژوویی هەیە و دەبێت نوسخەیەکی واقیعی ئامادەبکەین کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگاکە بناسێت و هاوکات دژ بە هەیمەنەی سەرمایەداری، پەروەردە و هۆشیاریی سۆسیالیستی بڵاوبکاتەوە. بۆیە ئەم نامیلکە بچوکە، پتر زانیارییەك بوو بۆ بەرچاوڕوونیی گەنجانی کوردستان.

**له ئامادەکردنی ئەم باسەدا سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- لەبیب شوقەیر، مێژووی بیری ئابووری، وەرگێڕانی فەیسەڵ عەلی، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٥.

٢- کارڵ مارکس و فرەدریک ئەنگڵس، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٦.

٣- ئالان ودس، جیهان لە لێواری دۆزەخدا، وەرگێڕانی ناجی ئەفراسیاو، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٦.

٤- ڕیمۆند لۆتا، مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم، وەرگێڕانی وەلید عومەر، زەردەشت نورەدین، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٧.

٥- کارلۆ کافیرۆ، پوختەی سەرمایەی مارکس، وەرگێڕانی بابان ئەنوەر، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٧.

٦- د. محەمەد شوانی، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان.

٧- فردریک ئەنگڵس، بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، وەرگێڕانی کەریم مەلا ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی٢٠١٧.

٨- زەردەشت نورەدین، پارادایمی چینایەتی، بڵاوکراوەی بەرەنگاری، ساڵی ٢٠١٧.

٩ـ ڕیمۆند لۆتا، پرسیارە زۆردووبارەکان دەربارەی کۆمۆنیزم، وەرگێڕانی وەلید عومەر، سایتی نێگەتیف.

١٠ـ زەردەشت نورەدین، دەربارەی دین و کۆمۆنیزم، سایتی نێگەتیف.

١١ـ ئەنوەر نوری، بۆچی قەیرانی ئابووری ڕوودەدات؟

١٢ـ ئەنوەر نوری، قەیرانە ئابوورییەکانی جیهان و دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی.

١٣- ئەلیزابێت مارتێنز، ئاڕنۆڵدۆ گارسیا، نیولیبراڵیزم چییە؟، وەرگێڕانی وەلید عومەر، سایتی نێگەتیف .